# پێگەی خوێنەر لە کۆمەڵە چیرۆکی (نووسینەوەی دڕک)ی (ئارام کاکەی فەلاح)دا

**پ. ی. د. جەلال ئەنوەر سەعید**
بەشی زمانی کوردی
کۆلێژی پەروەردە – مەخموور
زانکۆی سەلاحەدین
jalal.saeed.su.edu.krd

**د. سومەییە نەجیب خەلیل**
بەشی کیمیا و پترۆکیمیا
کۆلێژی ئەندازیاری
زانکۆی سەلاحەدین
sumaya.khalil@su.edu.krd

**پوختە**

هەر لە کۆنەوە پرۆسەی پەیوەندیکردن لە نێوان مرۆڤدا لە سێ جەمسەری سەرەکی پێکهاتووە، ئەوانیش (قسەکەر، قسە، وەرگر)ن. بەڵام هەر ئەم سێ جەمسەرە لە پرۆسەی ڕەخنەییدا وەکو یەك و بە شێوەیەکی یەکسان بایەخیان پێ نەدراوە، بەڵکو بەپێی پێشکەوتن و پەرەسەندنی ڕەخنە هەر جارە و هەر ماوەیەك بایەخ بە یەکێك لەم جەمسەرانە دراوە. سەرەتا میتۆدە سیاقییەکان لە ڕوانگەی مێژوویی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، تەنیا بایەخیان بە نووسەر داوە و پێیان وابووە کە لە ڕێی نووسەرەوە واتا دەدۆزرێتەوە. دواتر فۆرمالیستی ڕووسی و دوای ئەوانیش بنیاتگەرەکان لە کاردانەوەیەکی توندا نووسەریان تا ڕادەی مردن لە دەق دابڕی و تیشکی تەواویان خستە سەر دەق. دواتر تیۆری وەرگرتن هات و بە بایەخەوە لە ڕۆڵی وەرگر بە گشتی و خوێنەر بە تایبەتی ڕوانی و پێیوایە کە چیتر وەرگر، وەرگرێکی بێ دەنگ و گوێڕایەڵ نییە، بەڵکو جەمسەرێکی کارایە و ڕۆڵی دەبێت لە دووبارە بنیاتنانەوەی دەقدا. ئەمەش ڕێگای بۆ فرە خوێندنەوە و فرە ڕاڤەکردن خۆشکرد و سیمای کراوەیی بە دەق بەخشی، واتە دەقیش بۆ ئەوەی خوێنەر بەشداربکات لە دەقەکەیدا، پێویستە هەمیشە دەقێکی کراوەبێت و خوێندنەوە و ڕاڤەی جیاواز لە خۆ بگرێت.

لەم ڕوانگەیەوە ئێمەش بڕیارماندا کە وەرگر و خوێنەر لە کۆمەڵە چیرۆکی (نووسینەوەی دڕك)ی (ئارام کاکەی فەلاح)دا بکەینە بابەتی ئەم توێژینەوەیەمان، چونکە هەم بابەتی وەرگر و خوێنەر لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردییدا شتێکی تازەیە، هەمیش ئارام کاکەی فەلاح بە تایبەتییش لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا، بایەخێکی زۆری بە خوێنەرداوە و هەوڵیداوە کە ڕاستەوخو لە چیرۆکەکانیدا بەشدارییان پێبکات.

بۆ ئەم مەبەستەش، توێژینەوەکەمان بەسەر دوو تەوەرەدا دابەشکردووە. لە تەوەرەی یەکەمدا، بە کورتی باسمان لە چەمك و زاراوەی وەرگر کردووە. لە تەوەرەی دووەمیشدا، بەپێی دووانەی خوێنەری (تاك و کۆ، ناوەکی و دەرەکی، نموونەیی و ئاسایی) جۆرەکانی خوێنەرمان لە کۆمەڵە چیرۆکی نووسینەوەی دڕکدا دەستنیشانکردووە و شیمانکردوونەتەوە. لە کۆتاییشدا، گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکانمان تۆمارکردووە.

وشە کلیلەکان: وەرگر، ئارام کاکەی فەلاح، خوێنەری تاك، خوێنەری کۆ، خوێنەری ناوەوە، خوێنەری دەرەوە

## پێشەکی

ئارام کاکەی فەلاح، یەکێکە لە چیرۆکنووس و ڕۆماننووسەکانی دوای ڕاپەڕین، کە زۆر هێمنانە و دوور لە ژاوەژاو دەنووسێت. جگە لە ناوەرۆك، بایەخێکی زۆر بە تەکنیك و زمان دەدات، بە تایبەتیش خوێنەر کە جەمسەری سێیەمی پرۆسەی پەیوەندیکردنە. ئەم بایەخدانە بە خوێنەر لە ڕەخنەی ئەدەبیشدا، بە تایبەت لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، شتێکی تازەیە. هەر لەبەر ئەمە ئێمە لەم هەوڵە خاکەڕاییەماندا، هەوڵی ئەوە دەدەین کە چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئارام کاکەی فەلاح لەگەڵ خوێنەر لە کۆمەڵە چیرۆکی (نووسینەوەی دڕك)دا دیراسە بکەین.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ناونیشانی توێژینەوەکەمان بریتییە لە (خوێنەر لە کۆمەڵە چیرۆکی "نووسینەوەی درِك"ی ئارام کاکەی فەلاحدا).

**گرنگیی توێژینەوەکە:**

گرنگیی توێژینەوەکە، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بابەتێکی نوێیە لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا و، بەسەر کۆمەڵە چیرۆکێکی چیرۆکنووسێکی قۆناغی دوای ڕاپەڕین پراکتیك کراوە کە بە شێوەیەکی جیاواز ئیش لەسەر تەکنیکی چیرۆکدا دەکات.

**توێژینەوەکانی پێشتر:**

وێڕای تازەیی بابەتەکە، چەند هەوڵێکی باش، پێش ئەم هەوڵە خاکەڕاییەی ئێمە لە ڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە لەم بوارەدا دراون. لەوانە؛ دکتۆر عەلی تاهیر بەرزنجی سەبارەت بە زاراوەی ئاسۆی چاوەڕوانی و خوێندنەوەی دەقی شیعری توێژینەوەیەکی بڵاوکردووەتەوە. دکتۆر حەمە مەنتکیش لە کتێبی میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبییدا، تەوەرەیەکی تیۆری تەرخان کردووە بۆ میتۆدەکانی وەرگرتن و هەوڵی داوە کە میتۆدەکە بە خوێنەرانی کورد ئاشنا بکات. لە کتێبی (جوانییەکانی وەرگر)یشدا، عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا، تەوەرەیەکی هەر بە ناوی جوانییەکانی وەرگر نووسیوە و زیاتریش تیۆرییە وەك لە پراکتیك. هەروەها دکتۆر یادگار شارەزووورییش کتێبێکی بەناوی تیۆرەکانی وەرگرتن نووسیوە و هەوڵی داوە بە تیۆری و پراکتیکی بۆ خوێنەری کورد ڕوونبکاتەوە. کێشەی ئەم کتێبەی دکتۆر یادگار لەوەدایە کە وەرگێڕان و داڕشتنەوەکەی لاوازە ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە خۆی پسپۆرییەکەی ئەدەبی عەرەبییە و زمانی عەرەبییەکەی زاڵترە لە زمانی کوردییەکەی، بۆیە کە تێکستەکانی وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردی دەربڕینەکانی کوردییەکی پاراو نین،

لەگەڵ ئەوەشدا هەموو هەوڵەکان جێگای دەستخۆشین. ئەم توێژینەوەیەی ئێمەش هەوڵێکی بچووکە لەو بوارەدا بە ئومێدی ئەوەی درزێکی بچووك لەم بوارەدا پڕبکەینەوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە وەکو لە ناونیشانەکەدا دەردەکەوێت، پەیڕەویمان لە میتۆدی وەرگرتن کردووە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە دوو تەوەرە پێکدێت. لە تەوەرەی یەکەمدا، بە کورتی باسمان لە چەمك و زاراوەی وەرگر کردووە. لە تەوەرەی دووەمیشدا، بەپێی دووانەی خوێنەری (تاك و کۆ، ناوەکی و دەرەکی، نموونەیی و ئاسایی) جۆرەکانی خوێنەرمان لە کۆمەڵە چیرۆکی نووسینەوەی درِکدا دەستنیشانکردووە و شیمانکردوونەتەوە.

لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەمان تۆمارکردووە، لەگەڵ لیستی ئەو سەرچاوانەی کە لە توێژینەوەکەدا سوودیان لێ وەرگیراوە.

## تەوەرەی یەکەم
## چەمک و زاراوەی وەرگر

### ١.لە ڕووی چەمکەوە:

ڕوون و ئاشکرایە کە چالاکیی ئەدەبی لە سێ جەمسەری سەرەکی پێکدێت، ئەوانیش (نووسەر، دەق، خوێنەر)ن. هەر یەك لەم سێ جەمسەرە بەپێی ڕۆژگار بایەخ و گرنگیی جیاوازی پێدراوە. ئەگەر سەرنجێك لە ڕێڕەوی ڕەخنەی ئەدەبی بدەین، دەبینین میتۆدە ڕەخنەیە سیاقییەکان لە پلەی یەکەمدا بایەخ بە (نووسەر) دەدەن، ئەمەش لە ڕێگای بەستنەوەی دەق بە ژینگەی مێژوویی و دەروونی و کۆمەڵایەتیی نووسەرەوە. ئینجا فۆرمالیستی ڕووسی و بنیاتگەری و ڕەخنەی نوێی ئەمریکی هاتن و هەموو سەنگی توێژینەوەی خۆیان خستە سەر (دەق) و تا ڕادەی مردنی نووسەر دەقیان لە خاوەنەکەی دابڕی. دواتر بە "پشتبەستن بە فەلسەفەی (دیاردەگەرایی)ی هۆسرڵ و بزاڤی تەئویلیی (هایدگەر) و (گادامێر) کە لەژێر سایەی دیاردەگەرایی هۆسرلدا پێگەیشتن، (تیۆری وەرگرتن) هاتە ئاراوە" (شارەزووری، ٢٠١٢، ١٧) و تەواوی هێز و بایەخی خۆی خستە سەر جەمسەری سێیەم کە خوێنەر (وەرگر)ە. تیۆری وەرگرتن ئەو بۆچوونەی ڕەتکردەوە کە دەق تاکە سەرچاوەی واتایە، بەڵکو پێیوایە کە خوێنەر بە هەموو هەڵوێست و وەڵامدانەوەکانی بۆ دەق واتای دەق بەرهەمدەهێنێت. کەواتە، ئەرکی خوێنەر نە تەنیا پڕکردنەوەی کەلێن و کون و کەلەبەرەکانی دەقی ئەدەبییە وەکو ئایزەر ئاماژەی بۆ دەکات. نە تەنیا پێوەرێکیشە بۆ واتای شیعرییەتی دەق وەکو ریفاتێر باسی دەکات. بەڵکو خوێنەر وەکو (ستانلی فیش) ئاماژەی بۆ دەکات؛ خۆی سەرچاوەی هەموو واتاکانە. بۆچی؟ چونکە ئەو شوێنەی کە واتای تێدا دروست دەبێت یان هەتا ئەگەر دروستیش نەبێت، زەینی خوێنەرە نەك پەڕە چاپکراوەکان و ئەو فەزایەی

لە دووتوێی کتێبەکاندا هەن (تومبکنز، ٢٠١٦، ٢٩). بەڵام خوێنەر هەروا لە خۆڕا نابێت بە تاکە سەرچاوەی واتاکان، بەڵکو ئەم کارە لەسەر "کارایی خوێنەر وەستاوە کە دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ تەواوی بەها ئەدەبییەکە. ئەگەر ئەدەب بریتیی بێت لەوەی کە لە کاتی خوێندنەوەدا ڕوودەدات، ئەوا بەهاکەی پەیوەستە بە بەهای پرۆسەی خوێندنەوەوە" (تومبکنز، ٢٠١٦، ٢٨).

بەم شێوەیە خوێنەر دەستەڵات و ئازادییەکی تا ڕادەیەك ڕەهای پێدەدرێت لە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی دەقدا، بەمەش دەق دەبێت بە خاوەنی واتاگەلێکی لە بن نەهاتوو. ئەم هەڵوێستەش فۆرمالیستی ئەمریکی و پاش بنیاتگەریی فەڕەنسی نیگەران کردووە، چونکە پێیانوایە "ئەگەر دەق واتاگەلێکی دیاریکراو و سنووورداری نەبێت، ئەوا خوێنەر بە ئارەزووی خۆی و هەرچۆنی بوێت وەها مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکات... ئەم هەڵوێستەش گاڵتەجاڕییەکی خۆویستانە بە ڕەخنەی ئەدەبی دێنێتە کایەوە و لە خراپترین حاڵەتدا بوار بە هاتنە ناوەوەی گومانی ئەخلاقیی توندڕەو و ڕووخێنەر دەدات" (تومبکنز، ٢٠١٦، ٣٧ – ٣٨). کەواتە ئەمە هەڵوێستێکی زانستی و لۆجیکی نییە. ڕاستە لێرەدا پێویستە دەق کراوەبێت و بوار بە واتای جیاواز و نوێ بدات بەڵام بەو مانایە نییە کە دەق ئەتك بکرێت و بە کۆمەڵێك واتا بارگاوی بکرێت کە سروشتی دەقەکە پەسەندی نەکات.

### ٢.لە ڕووی زاراوەوە:

سەبارەت بە زاراوەی وەرگر لە ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیدا، کۆمەڵێك زاراوەی وەکو (وەرگر، خوێنەر، گوێگر یان بیسەر، بینەر، بۆگێڕەوە، بۆنێردراو، پەیام وەرگر، ڕاڤەکار) بەرچاو دەکەون کە هەمووی زیاتر بە واتای خوێنەر یان وەرگر بەکاردێن. واتە؛ جەمسەری سێیەمی پرۆسەی پەیوەندیکردن پێکدەهێنن. وەرگر یان خوێنەر بەلای (عەبدولسەلام مەسەددی)یەوە بریتییە

لەو کەسەی "پەیام یان گوتاری دەق هەڵدەوەشێنێتەوە کە لە بابەتێکی هەستییەوە سەرچاوەی گرتووە و دەیگەڕێنێتەوە بۆ واتا ڕووتەکانی خۆی، بە پێچەوانەی نێرەر یان نووسەر کە ئەرکی پێکهێنان یان بنیاتنانی گوتارە و لە وێناکراوێکی ڕووتەوە سەرچاوە دەگرێت و لە چوارچێوەی ئاخاوتنێکی هەستپێکراودا بەرجەستەی دەکات" (معیکل، ۲۰۱۰، ۲۰۵). (سەڵاح فەزڵ)یش هەر هەمان بۆچوونی (مەسەددی)ی هەیە و پێیوایە کە وەرگر دووبارە دەق بەرهەمدەهێنێتەوە، جا چ وەرگری گریمانەکراو بێت یانیش خوێنەری ڕاستەقینەی دەرەوەی دەق بێت (فضل، ۱۹۹٦، ۱۰۷).

(عەبدوڵڵا سەڕاج)یش وەکو ڕۆماننووس و ڕەخنەگرێکی کورد، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە خوێنەر لەلای نووسەرە تەقلیدییەکاندا، هەمیشە کەنارگیرکراون و گوێیان لێ نەگیراوە. واتە هەرگیز نەئاخێونراونەتە ناو دەقەوە، تەنیا هەندێ جار لە زاری نووسەرەوە کە ئەویش دیکتاتۆرانە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون و بەردەوام بێ دەنگی کردوون (سەڕاج، ۲۰۱۳، ۳۱). دواتر هەر خۆشی دان بەوەدا دەنێت کە تەنیا لە ڕۆمانەکانی ئەم دواییانەیدا بایەخێکی زۆری بە ڕۆڵی خوێنەر داوە و زۆرجاریش ڕاستەوخۆ یان لە میانەی گێڕانەوەدا خوێنەر دەدوێنێت و داوای لێدەکات کە خوێنەرێکی چالاك بێت و بەشدار بێت لە ئەفراندنی دەقەکەیدا "خوێنەری ئەمڕۆکە چاوەڕوانی چوونە ناوەوەی دەقی هەیە، چ جای پەنجە تێوەردان و گۆڕین و خستنە سەر" (سەڕاج، ۲۰۱۳، ۲۹). ئەمەش بە بڕوای (سەڕاج) خواست و زەڕوورەتێکی نوێ و سەردەمییانەیە، چونکە تەنیا لە گێڕانەوەی زارەکییدا کە هی سەردەمێکی زۆر لە پێشترە، خوێنەر تەنیا گوێگرێکی بێ دەنگ و کپ بووە و هیچ بەشدارییەکی لە دووبارە داڕشتنەوەی حیکایەتەکەدا نییە (سەڕاج، ۲۰۱۳، ۳۱). هەروەها لە ڕۆمانی (ناوێ لەم تێکستە بنێ)، عەبدوڵڵا سەڕاج تەنانەت دانانی ناونیشانیشی

خستووەتە ئەستۆی خوێنەر. ئەمەش ئەوپەڕی بایەخدانە بە ڕۆڵ و پێگەی خوێنەر لە پرۆسەی گێڕانەوەدا. لێرەدا سەڕاج هەرچەندە ژانری تێکستەکەی وەکو ڕۆمان دەستنیشانکردووە، بەڵام بۆ خوێنەر وەکو (تێکست) ناوی دەبات کە هەڵبەت زاراوەیەکی گشتگیرتر و فراوانترە. دەبوایە یان بینووسیبابە (ناوێ لەم ڕۆمانە بنێ) یانیش (ناوێ لەم تێکستە بنێ) بەبێ ئەوەی ژانرەکەی دەستنیشانبکات. بەڵام هەموو ئەمانە لە بایەخی ڕۆمانەکە و مامەڵەکردنی نووسەرەکەی لەگەڵ خوێنەردا، کەم ناکاتەوە.

ئەوەی لێرەدا گرنگە و پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین، ئەوەیە کە هەموو ئەو زاراوانەی بەکارهاتوون بە شێوەیەك لە شێوەکان ڕاستن، بەڵام هیچیان بە تەواوی و دروستی هاوواتای زاراوەی (وەرگر) نین، بەڵکو دەکرێت وەکو بەشێك لە زاراوەی وەرگر چاویان لێ بکرێت، چونکە واتای (وەرگر) لە واتای هەموو ئەوانی تر گشتگیرتر و فراوانترە.

کەواتە دەتوانین بڵێین؛ (وەرگر) ئەو کەسەیە هەر شتێك وەردەگرێت کە لە لایەن کەسی نێرەرەوە ئاراستەی دەکرێت. جا ئەو شتە (گوتارێکی زارەکی، دەقێکی نووسراو، وتارێکی ڕادیۆیی، فیلمێکی سینەمایی، نامەیەك) بێت. بەم پێیەش، ئەگەر گوتار دەقێکی زارەکی بێت ئەوا وەرگر (قسەبۆکراو یان دوێنراو)ە. ئەگەر ڕۆمان یان دەقێکی نووسراو بوو ئەوا وەرگر (خوێنەر)ە، ئەگەریش گوتارەکە وتارێکی رادیۆیی بێت ئەوا وەرگر (بیسەر)ە، ئەگەریش گوتارەکە فیلمێکی سینەمایی بێت ئەوا وەرگر (بینەر)ە، کاتێکیش گوتار نامە بێت ئەوا وەرگر (بۆنێردراو)ە. تەنانەت هەندێ جار گوتار بریتییە لە کۆمەڵێك کۆد و ئاماژەی کە لە ڕێگەی ئامێرە جیاوازەکانی پەیوەندیکردنەوە دەنێردرێت، بە تایبەتیش لە بواری سەربازیی ئەمنییدا، ئەوکات وەرگر دەبێت بە پێشوازیکەر (مستقبل). دەکرێت ئەم دابەشکردنانەی سەرەوە لە ڕێگەی ئەم هێڵکارییەی خوارەوە ڕوونبکەینەوە:

دەقی زارەکی (دوێنراو)
دەقی نووسراو (خوێنەر)
وتاری ڕادیۆیی (بیسەر)
پەیامی ئاراستەکراو (گوتار) — فیلمی سینەمایی (بینەر) — وەرگر (معیکل، ٢٠١٠، ٢٠٧)
نامە (بۆنێردراو)
کۆد و ئاماژە (پێشوازیکەر)

جا لەبەر ئەوەی بابەتی توێژینەوەکەی ئێمە تایبەتە بە گوتاری چیرۆك، کە گوتارێکی نووسراوە، ئەوا زیاتر قسەی ئێمە لەبارەی وەرگری خوێنەرەوە دەبێت. بۆ ئەم مەبەستەش جۆرەکانی خوێنەر بەسەر خوێنەری (تاك و کۆ) و (ناوەکی و دەرەکی) و (نموونەیی و ئاسایی) دابەش دەکەین. هەڵبەت دابەشکردنەکەمان تەنیا لە پێناو ڕوونکردنەوە و تێگەیشتنە، ئەگەرنا بە سروشتی خۆی هەر یەکێك لەم جۆرانە دەکرێت شوێن و ئەرکی جۆرێکی تر بگرێت و جێبەجێ بکات. بۆ نموونە دەکرێت خوێنەری تاك هەم ناوەکی بێت یان دەرەکی و لە هەمان کاتیشدا ئاسایی بێت یان نموونەیی. لە تەوەرەی دواتردا هەر یەکێکیان بە نموونەی پێویستەوە لە چیرۆکەکانی کەرەستە توێژینەوەکە دەستنیشاندەکەین و شییاندەکەینەوە.

## تەوەرەی دووەم
## جۆرەکانی خوێنەر و ڕەنگدانەوەیان لە کۆمەڵە چیرۆکی نووسینەوەی دڕکدا

بەر لەوەی بێینە سەر دەستنیشانکردنی جۆرەکانی خوێنەر لەناو چیرۆکەکاندا. وای بە باش دەزانین زۆر بە کورتی تیشکێك بخەینە سەر کۆمەڵە چیرۆکەکە.

ئەم کۆمەڵە چیرۆکە بە ناونیشانی (نووسینەوەی دڕك)ە، ساڵی (٢٠٠٧) لە چاپخانەی ڕۆژنامەی ئاوێنە لە سلێمانی چاپکراوە. جگە لە پێشەکییەك بە قەڵەمی خودی نووسەر و چاوپێکەوتنێکی کورت لەگەڵ نووسەردا کە نووسەر و وەرگێڕ توانا ئەمین لەگەڵیدا ئەنجامیداوە، پێنج کورتە چیرۆك لەخۆ دەگرێت بەم ناونیشانانەی خوارەوە:

- نووسینەوەی دڕك، کە هەر ناونیشانی کۆمەڵە چیرۆکەکەشە.
- ئەو پیاوەی بوو بە بەرد.
- حوزنی میوانێك بە تەنیشت ژیاندا دەڕوات.
- درەوشانەوەی مەحاڵ.
- گوڵەکانی دۆزەخ.

دەکرێت هەر سێ چیرۆکی یەکەم بە یەك چیرۆك یان تەواوکەری یەکتر دابنێین، چونکە نووسەر لە ڕێگەی تەکنیکی پێشکەوتنی ڕووداوەوە هەر سێ چیرۆکەکەی پێکەوە گرێداوە. بەڵام ئێمە لێرەدا بۆ دەستنیشانکردنی جۆرەکانی خوێنەر بە سەربەخۆیی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین. هەروەها پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە مەرج نییە هەردوو جۆرەکەی خوێنەر لە هەموو چیرۆکەکاندا چ بە تەنیا یان پێکەوە، هاتبن.

**١.خوێنەری تاك و خوێنەری کۆ**

لە ڕاستیدا زاراوەی خوێنەری تاك و کۆ لە هیچ سەرچاوەیەکی ڕەخنەیی کۆن و نوێشدا بەرچاو ناکەوێت، تەنانەت لە سەرچاوە سەرەکییەکانی تیۆری وەرگرتنیشدا ئەم جۆرە دابەشکردنە بۆ خوێنەر نەکراوە. بەڵام ئەگەر بە وردی سەرنجێك لە دەقە کۆن و نوێیەکانیش بدەین، ئەوا زۆر بە ڕوونی سیما و دەرکەوتەکانی ئەم جۆرە خوێنەرەمان بەرچاو دەکەوێت. بۆ نموونە لە دەقە فۆلکلۆرییە کوردییەکاندا کە دەقێکی زارەکیین، حەیرانبێژ ڕوو لە وەرگرێکی تاك دەکات (**حەیران دەرێم ...**)، بەڵام لە لاوك و هەقایەتدا گۆیندە ڕووی دەمی لە وەرگرێکی کۆیە (**براینە! برادەرینە!**). بە هەمان شێوە لە دەقی ئەدەبیی نوێ و نووسراویشدا؛ شاعیر لە شیعری دڵداری و ستایش و وەسف و دڵدانەوە و لاواندنەوە و داشۆرینیشدا، زۆرجار ڕووی دەمی لە وەرگرێکی تاکە، بۆ نموونە نالی کاتێك دڵی یار دەداتەوە بە بۆنەی مردنی باوکییەوە دەڵێت:

**ماتەم وەکو زوڵفیەنی سییەهـ، گرتی سەراپات**

**پۆشی لە ڕوخت تەعبییەیی بەیدەق و شامات**

(دیوانی نالی، ١٣٧)

یان کاتێك ڕوو لە پێغەمبەر (د.خ) دەکات و دەڵێت:

**ئەی ساکینی ڕیاضی مەدینەی منەووەرە**

**لوطفێ بکە بفەرموو مەدینەی منە و، وەرە**

(دیوانی نالی، ٤١٥)

لە پەخشانیشدا ڕوونترین نموونە (چێشتی مجێور)ی هەژارە، کە تەواوی کتێبەکەی لە شێوەی نامەیەك بۆ (خانی)ی کوڕی نووسیوە، واتە وەرگرێکی تاکە. بەڵام ئەم وەرگرە تاکانە دوای چاپکردن و بڵاوکرنەوەی دەقەکان و گەیشتنیان بە جەماوەری خوێنەر، دەبن بە وەرگر و خوێنەری کۆ. بەڵام لە

شیعری سیاسی و سروودی نیشتمانیدا، زۆر جار شاعیر هەر لە سەرەتاوە ڕوو لە وەرگرێکی کۆ دەکات، بۆ نموونە لە سروودی **(ئەی کوردینە! ئەی مەردینە!)**دا، (زێوەر)ی شاعیر ڕووی دەمی لە وەرگرێکی کۆیە. بە هەمان شێوە (محەمەد تۆفیق وردی) لە سروودی (ئەی شەهیدان)دا، پەیام ئاراستەی وەرگرێکی کۆ دەکات و زۆر نموونەی تریش کە خوێنەر بە گشتی و خوێنەری ئەدەبییات بە تایبەتی دەتوانێت ئەم جۆرە خوێنەرانە لەناو دەقەکاندا بناسێتەوە.

لە چیرۆکی (نووسینەوەی دڕك)دا، (غەریب ڕیکۆرد)، گێڕەرەوەی سەرەکیی چیرۆکەکەیە و بە گشتی وەرگری کۆ دەدوێنێت، **(پێتان خۆشبێ بزانن، لێتان ناشارمەوە، ئەمەی ئێوە دەیخوێننەوە، ئێوە چووزانن، ئێوە چەند پاریسی دەناسن)**. لە چەند جێگایەکیشدا ڕاستەوخۆ خوێنەری تاك دەدوێنێت، **(تۆی خوێنەری ئازیز، ئەی خوێنەری خۆشەویست!، ئێستا خوێنەری خۆشەویست، ئێستا ئەی خوێنەری ئازیز)**. ئەم دەربڕینانە لە ڕووی زمانییەوە ئەگەرچی بە شێوەی تاك دەرکەوتوون، دەکرێت وەکو (کۆ)ش چاویان لێ بکرێت، چونکە دەکرێت وشەی (خوێنەر) کە وشەیەکی تاکە، بە وشەیەکی (گشتی)یش مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. بەڵام لەبەر ئەوەی لە ڕێگەی جێناوی (تۆ)وە ڕاستەوخۆ و بە ئاشکرا خوێنەری کۆ دەدوێنێت ئەوا ئەمانە هەر بە خوێنەری تاك چاویان لێ دەکەین. لەبەر هاوشێوەیی زۆری نموونەکانیش تەنیا ئاماژە بە بەشێکی کەمیان دەدەین. هەر لە دەستپێکی چیرۆکەکەوە (غەریب ڕیکۆرد) خۆیمان پێ دەناسێنێت:"**من ناوم غەریبە، غەریب ڕیکۆرد. ڕەنگبێ <u>پێتان خۆش بێ</u> بزانن ئەم ناوەی من بۆ وا غەریب و سەیرە و لە کوێوە هاتووە؟**" (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٢٣). وەکو دەبینین لێرەدا وەرگری کۆ دەدوێنێت. بەڵام کاتێك باسی بەسەرهاتی نازناوەکەی خۆی دەکات و دەیبەستێتەوە بە هۆکاری نووسینەوەی چیرۆکەکەی، بەم شێوەیە بۆ خوێنەری تاك دەدوێت:"... **حەز**

**دەکەم ئەوەش بڵێم، کە وەستانی زۆری من لەسەر نازناوەکەم، پەیوەندییەکی تەواوی بەم چیرۆکەی من و هاوڕێکانمەوە هەیە، کە بە جۆرێك لە جۆرەکان هەوڵ دەدەم بینووسمەوە و بە زووترین کات بینێرم بۆ ڕۆمانی هاوڕێم، کە هەر لە منداڵییەوە حەزی دەکرد ژیان لە پاریس بباتە سەر، ئەویش لەلای خۆیەوە بیداتە دەست تۆی خوێنەری ئازیز، تۆیەك کە کلیلێکم بۆ دێنیتەوە، کلیلێك کە پاریسی پێتدەدات و نابێت بە هیچ شێوەیەك ون بێت. جا تکایە ئەم چیرۆکە باش بخوێنەوە بۆ ئەوەی ئەو کلیلە بگەیەنیتە دەستم.**" (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٢٤). دواتر بەر لە کۆتایی چیرۆکەکە، غەریب ڕیکۆرد مافی ئەوە بە خوێنەر دەدات کە بپرسێت؛ خۆ دەفتەرەکە بە چوار کلیل ناکرێتەوە ئیتر کلیلەکەی ڕۆمانی پاریسیت بۆچییە؟ بەڵام هەر خۆی بەم شێوەیە دەیدوێنێت و وەڵامیدەداتەوە:"**ڕاست دەکەی! بەڵام گوێ بگرە با چیرۆکەکەت بۆ تەواو بکەم**" (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٤٧). ئەمجا درێژە بە گێڕانەوەکەیدا دەدات و هۆکاری پێداگیرییەکەی لەسەر گەیشتنی کلیلەکەی ڕۆمانی پاریسی بۆ خوێنەر ڕووندەکاتەوە. بەم شێوەیە گێڕەرەوە ڕاستەوخۆ خوێنەر پەلکێشدەکاتە ناو چیرۆکەکە و وەکو کارەکتەرێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و دەیەوێت بەشداربێت لە هەڵسووڕانی ڕووداوەکان، بەوەی کە ببێتە پردی بەیەکگەیشتنی خۆی و ڕۆمانی پاریسی.

لە کۆتایی چیرۆکەکەدا، (غەریب ڕیکۆرد) کە گێڕەرەوەی سەرەکیی چیرۆکەکەیە، خۆی دەبێت بە وەرگرێکی تاك و لە ڕێگەی نامەوە لە لایەن ڕۆمانی پاریسی هاوڕێیەوە پەیامی ئاراستە دەکرێت، ڕۆمانی پاریسی، کە ئێستا بەڕاستی لە پاریسە و کچێکی هەیە، ترسی ونبوونی ڕۆحی خۆی و خێزانەکەی هەیە و بەم شێوەیە باسی بێزاری و وەڕزیی خۆی لە پاریس بۆ غەریب دەکات:"**حەزدەکەم بێمەوە، لە شار منداڵێکی ترم ببێ، منداڵێك بە کوردییەکی**

**ڕەوان قسە بکات (...) گەر هاتمەوە پێویستم بە یارمەتی تۆ دەبێ، چونکە من لە هەردوولا بووم. هەم ئێرەشم لە دەستداوە و هەم ئەوێش (...) غەریب ژیانی ئێمە لە دەرەوە لە چەشنی ئەو گەڵایەی لێهاتووە کە لە دار و لقەکەی خۆی کەوتبێتە خوارەوە قەتیش بەر زەوی نەکەوتبێت، هەمیشە بۆ هەتا هەتایە بە حەواوە بێت، هەر با بیهێنێت و با بیبات. منیش بۆی دەنووسم.. نا، وەرەوە ئازیزەکەم.. وەرەوە. من یارمەتیت دەدەم، من لەو بارەوە هەروەکو جارانم و نەگۆڕاوم، دەزانم خەڵکی گۆڕاون، بەڵا من نا."** (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٤٩ – ٥٠). بەم شێوەیە غەریب ڕیکۆرد و ڕۆمانی پاریسی دەبن بە گێڕەرەوە و وەرگر، بەڵام ئاشکرایە کە ڕۆمان بوارێکی کەمی بۆ گێڕانەوە هەیە و تەواوی حیکایەتەکە و هۆی گێڕانەوەکەشی لە لایەن نووسەرەوە هەر بە غەریب سپێردراوە. ئینجا کۆتایی چیرۆکەکە ڕادەگەینێت و کلیلی چوارەمیشی هەر بەدەست نەگەیشتووە و ئەوەشمان بۆ ئاشکرا دەکات کە پێداگیری ڕۆمانی هاوڕێی تەنیا لەبەر گێڕانەوە و تۆمارکردنی چیرۆکی ژیانیان بووە کە ترسی لە بیرچوونەوە و ونبوونی ناسنامەیان هەیە، ئەگەرنا ناردنەوەی کلیلێك لە پاریسەوە ئەوەندە کارێکی سەخت و ئەستەم نییە. بەم شێوەیەش چیرۆکەکە بە کراوەیی دەمێنێتەوە، چونکە هێشتا دیار نییە کە ڕۆمانی پاریسی دەگەڕێتەوە یان نا؟ کلیلەکە دێنێتەوە یان نا؟ لە بیری دەچێت یان بە ئەنقەست نایهێنێتەوە؟

هەر لەم چیرۆکەدا، غەریب ڕیکۆرد ئاماژەیەکی کورت بەو پیاوە دەکات کە لەبەردەم ماڵی سیحربازەکەدا دەبێت بە بەرد، ئەم پیاوە هاتووە بۆ ناو دڕکەکانی سیحربازەکە بەو هیوایەی ئەو شلەمەنییەی دەستبکەوێ کە لە لاسیتیکی ئەو دڕکانەدا هەیە تا بیباتەوە و وەکو دەرمان برینەکانی سەر لەشی ژنەکەی پێ سارێژبکات. ئینجا لە ڕێگەی پێشکەوتنی ڕووداوەوە کە تەکنیکێکی زەمەنیی گێڕانەوەیە، گێڕانەوەی چیرۆکی ئەو پیاوە ڕادەگرێت و بە

خوێنەر دەڵێت کە لە ئایندەدا و لە چیرۆکێکی سەربەخۆدا دەیگێڕمەوە "**بەڵام ئێستا کاتی ئەوە نییە، حیکایەتی ئەوان هەڵدەگرم بۆ کاتێکی تر، بەم زووانە ڕەنگبێ کە لەم چیرۆکەدا بوومەوە، حیکایەتی ئەوانیش بنووسمەوە؛ ڕەنگبێ هەر ناوی بنێم، ئەو پیاوەی بوو بە بەرد، گەر یەکێك پێی خۆش بێ بە نامە یان ئیمایڵ ئاگادارم بکاتەوە من بۆی دەنێرم**" (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٣٢ - ٣٣). بەم شێوەیە گێڕەرەوە ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوێنەری کۆدا دەدوێت و زەینیشی ئامادە دەکات بۆ وەرگرتنی چیرۆکێکی تر. هەر واش دەکات و چیرۆکی ئەو پیاوەی بوو بە بەرد هەر بەم ناونیشانە دەگێڕێتەوە و دەبێت بە دووەم چیرۆکی کۆمەڵە چیرۆکەکە و بە شێوەیەك لە شێوەکان دەیکات بە تەواوکەری چیرۆکی پێش خۆی.

لەم چیرۆکەشدا، دیسانەوە غەریب ڕیکۆرد زیاتر ڕووی دەمی لە وەرگری (کۆ)یە و هەندێ جاریش خوێنەری تاك دەدوێنێت. لە دەستپێکی چیرۆکەکەدا غەریب خۆی بە خوێنەران دەناسێتەوە و زەینیان بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکە ئامادە دەکات و باسی چۆنیەتی و هۆکاری درەنگ تەواوکردنی چیرۆکەکە بۆ خوێنەران دەکات :"**تازانم دەمناسنەوە یان نا، من غەریبم، غەریب ڕیکۆرد. ئەو کەسەی پەیمانم پێ دان، چیرۆکی ئەو پیاوە بنووسمەوە کە بوو بە بەرد. لە ڕاستیدا من هەر زۆر زوو دەستم کرد بە نووسینی ئەو چیرۆکە، بەڵام هەتا بڵێی درەنگ تەواوم کرد، نا وا مەزانن کە زوو دەستت کرد بە چیرۆکێك، ئیتر زوو تەواوی دەکەیت. زوو دەستکردنی منیش بەو چیرۆکە زیاتر دەگەڕێتوە بۆ ئەوەی کە من نامە و ئیمایڵێکی زۆرم پێگەیشت، کە داوایان لێ دەکردم ئەو چیرۆکە بنووسم. خوێنەرێکی زۆر چیرۆکی ئەوانی وەکو تێڕامانێك لە تەمەنی خۆیان سەیر دەکرد و حەزیان دەکرد دوای بکەون ... هتد**" (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٥٣). لێرەدا غەریب لەگەڵ ئەوەی ڕووی دەمی لە

وەرگری کۆیە، بەڵام ئاماژە بەوەش دەکات کە خودی خۆی لە ڕێگەی ئەو نامە و ئیمایڵانەی کە لە خوێنەرانەوە پێیگەیشتووە، وەکو وەرگرێکی تاك دەردەکەوێت. بەم شێوەیەش گفتوگۆیەکی جیددی لەنێوان گێڕەرەوە و خوێنەراندا دروست دەبێت و هەر هیچ نەبێت ڕۆڵیان لە نووسینەوە و لەناو نەچوونی حیکایەتی ئەو پیاوە و ژنەکەیەتی. دواتر هەر لە وەڵامی تەواوی خوێنەران، بەوانەی کە نامە و ئیمایڵیشیان بۆ ناردووە و داوایان لێ کردووە چیرۆکی ئەو پیاوە بنووسێتەوە تاکو ڕۆحی بەبەردا بێتەوە، دەڵێت:"**تا ئازیزان! درۆیە، پێم مەڵێن چیرۆکەکەی تۆ ئەوان دێنێتەوە ناو ژیان، نا، من لەناو دڕکەکاندا گەورە بووم دەزانم وا نییە، تازە ئەو پیاوەی کە بوو بە بەرد، بوو بە بەرد، هیچ شتێ نایکاتەوە بە گۆشت و خوێن، ئەم ژنەش کە هەموو لەشی بوو بە پارکێك لە برین، تازە هیچ چیرۆکێك نایکاتەوە بەو ژنەی جاران کە من ڕۆژێك لە ڕۆژە تاریکەکانی ژیانمدا وێنەکەیم لەسەر ڕادیۆیەکی شکاودا دۆزییەوە. منیش غەریب، غەریب ڕیکۆرد، هێندە دڕك بە خەیاڵمدا چەقیوە قەت ناتوانم ببمەوە بەو غەریبەی جاران ڕۆژێك لە ڕۆژان ویستم ڕیکۆردێك بشکێنم و نەیانهێشت و چارەنووس دوای چەند ساڵێك، تووشی نووسینی چیرۆکێکی کردم کە قەت تەواو نابێت. کە نازانم چۆن دەستی پێ بکەم و بینووسم و لە کوێدا کۆتایی پێ بهێنم.**" (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٥٤ - ٥٥). کەواتە غەریبی گێڕەرەوە هەنگاو بە هەنگاو خوێنەران لە نووسینی چیرۆکەکە ئاگادار دەکاتەوە، ئەمەش وا لە خوێنەران دەکات کە هەمیشە بە پەرۆشەوە گوێ بۆ بیستنی حیکایەتەکە بگرن. هەروەها غەریب هێشتا بە تەواوی دەستی نەکردووە بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە، پێماندەڵێت کە ئەم چیرۆکە کۆتاییەکی کراوەی هەیە، چونکە بە بڕوای خۆی ئەم چیرۆکە قەت تەواو نابێت.

سەبارەت بە خوێنەری تاکیش لەم چیرۆکەدا، بە چەند شێوەیەك ئاماژەی بۆ کراوە، دوو جار لە ڕێگەی دەربڕینی "**ئێستا ئەی خوێنەری ئازیز!**" (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٦٠ و ٦٥)ەوە ڕوو لە وەرگری تاك دەکات، بەڵام لە بەشێکی حیکایەتەکە، خۆی دەبێت بە وەرگر و ژنی ئەو پیاوەی بووە بە بەرد دەبێت بە گێڕەرەوە و چۆنیەتی هاتنی بۆ لای پەیکەری بەبەردبووی هاوسەرەکەی و حیکایەتی نەخۆشییەکەی و هەوڵدانی هاوسەرەکەی بۆ سارێژکردنی برینەکانی سەر جەستەی، بۆ غەریب دەگێڕێتەوە. بەڵام غەریب هەموو ئەمانەی بیرچووە و ئێستاش لە پڕ ژنەکەی لێ ون بووە و هەرچی دەکات نایدۆزێتەوە، بەڵام دواتر غەریب ئەوەی بەبیردا دێتەوە کە هەر کاتێك ژنەکەی بینیوە، باسی ئەو ڕێگایەی بۆ کردووە کە پێیدا دێت بۆ لای پەیکەری مێردەکەی و ئەمیش بە بێ ئەوەی بزانێت ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم ژنە وندەکات، هەموو قسەکانی نووسیوەتەوە و ئێستا لە ڕێگای کۆکردنەوەی ئەو بەیازانە و پێکەوە گرێدانیان، ئەو زانیارییانە بە ئێمەی خوێنەری کۆ دەگەیەنێت.. ژنی ئەو پیاوەی بووە بە بەرد بەم شێوەیە قسەی بۆ غەریب کردووە :"**بە پێ دوو هەزار هەنگاو دەنێم و دەگەمە لێژاییێك، بەردێك هەر لەوێدا دەکەوێتە خوارەوە بۆ چاڵاییەك کە لە دوورەوە لە شتێکی سەیر دەچێت، هەمیشە کە دەگەمە ئەوێ بەردێك دەکەوێتە خوارەوە (...). دوای دوو هەزار هەناسە، دوو هەزار چاوترووکان دەگەمە لاڕێیەك کە هێندە باریکە ئاگام لە خۆم نەبێ دەکەومە خوارەوە و دەبم بە دوو هەزار پارچەوە ...هتد**" (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٥٨). بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت و بە وردی باسی هەموو ڕێگاکەی بۆ دەکات تا دەگاتە لای پەیکەری مێردەکەی و دوای گریانێکی زۆر، بە چاوی تەڕ و پڕ لە فرمێسکەوە هەر بە هەمان ڕێگا و بە هەمان شێواز دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی کە مەودایەکی زۆر لە شارەوە دوورە :"**دوای پشوویەکی کەم دەڕۆین، دوای**

**سەعاتێك لێخوڕین من سوپاسی دەکەم و دادەبەزم، بە پێ سەعاتێك دەڕۆم، دەگەمە لاڕێیەك کە هێندە باریکە خەیاڵ بمباتەوە دەکەوم و بڕوا ناکەم نەبم بە دوو هەزار پارچەوە، دوای دوو هەزار چاوترووکان، دوو هەزار هەناسە دەنگی پێی ئەسپێك لە دوورەوە دێتە گوێم هەر لەویا بەردێك دەکەوێتە خوارەوە، هەمیشە لەویا.. لەو بەرزییەوە کە منی لێم بەردێك دەکەوێتە خوارەوە، بۆ؟ سەیرە، نازانم. بە پێ لەوێوە دوو هەزار هەنگاوم دەوێ تا دەچمە ماڵەوە، بۆ کاول بووەکەی خۆم."** (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٦٠). کەواتە، هەموو ئەم زانیارییانە غەریب خۆی وەکو وەرگرێکی تاك لەو ژنە وەریدەگرێت و لە ڕێگای گێڕانەوەیەوە دەیگەیەنێت بە خوێنەری کۆ. دیارە هەموو ئەم وردەکارییە و تۆمارکردنی لە لایەن غەریبەوە، فێڵێك یان تەکنیکێکە نووسەر بەکاریهێناوە بۆ کەمکردنەوەی دەستەڵاتی گێڕانەوەی غەریب و پشوودانێکیش پێی، کە لە هەمان کاتیشدا دەبێت بە هۆی پەرۆشیی خوێنەر و چێژوەرگرتن لە حیکایەتەکە بە بێ ئەوەی بۆ یەك ساتیش وەرزبێت. هەروەها ئەم ژنە لە درێژەی گێڕانەوەی حیکایەتی خۆی و مێردە بەبەردبووەکەیدا، چەند جارێك بە دەستەواژەی (کوڕی خۆم) غەریب دەدوێنێت و باسی ئەوەی بۆ دەکات کە چۆن عاشقی یەك بوونە و بۆ ئەوەی ڕەزامەندیی باوکی کچەکە بەدەستبهێنێت، گرەو لە نۆزدە خوازبێنیکەری دیکەدا دەباتەوە کە هەر یەکەیان لەسەر داوای باوکی کچەکە چەپکێك گوڵی ڕەنگاوڕەنگ بۆ کچەکەی دێنن، بەڵام مێردەکەی تا چەند ڕۆژێك لەناو باخچەکە دەرناچێت و لە ترسی ئەوەی گوڵی لە باخچەکە نەهێڵێت باوکی کچەکە بانگی دەکات و کچەکەی خۆی پێدەدات. لە کۆتاییشدا باسی نەخۆشییەکەی خۆی ئەو برینانەی سەر لەشی بۆ غەریب دەکات :"**کوڕی خۆم! ئەم برینانە وازیان لە من نەهێنا، هەموو ڕۆژێك زیادیان دەکرد.. ماوەی چەند ساڵێك ئەم پیاوە بەردینەی من بۆ سەدەها**

**دوکتۆری بردم، بە هەزارەها مەڵحەم و ڕۆنی بۆ پەیداکردم، (...) سوودی نەبوو کوڕم، سوودی نەبوو. (...) تا جارێکیان لە نیوە شەودا لە خەو ڕاپەڕی وەك هەمیشە خەونی بە ڕەشەباکانەوە بینیبوو، ئەمجارە دەنگەکە باسی دڕکەکانی کردبوو، دڕکەکانی سیحربازێکی شار کە هەر نیو سەعات لە سەددەکەوە دوورە، باسی ئەوەی کە ئەو دڕکانە دەگمەنن، جۆرە شیرێکیان تیایە کە برینەکانی لەشی ژنەکەت تیماردەکەن، خۆی گۆڕی و باوەشێکی گەرمی پێداکردم و وتی زوو دێمەوە، بەڵام ئیتر نەمبینییەوە."** (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٦٤ - ٦٥). غەریب هەموو قسەکانی ئەو ژنە بۆ ئێمەی خوێنەری کۆ دەگێڕێتەوە و خۆیشی بە هەمان ئەو ڕێگایەدا دەڕوات تا ئەو ژنە ببینێتەوە، بەڵام لە وێنەیەکی گەنجیی ژنەکە و مێردەکەی زیاتر نابینێتەوە لە ماڵەوەیاندا و دوای هەوڵ و گەڕانێکی زۆر بێ ئومێد دەبێت و دەست لە گێڕانەوەی حیکایەتەکە هەڵدەگرێت. ناڵێین کۆتایی بە چیرۆکەکە دێنێت، چونکە وەکو خۆیشی لە کۆتاییدا دانی پێدا دەنێت کە ئەم چیرۆکەشی تەواوبوون و کۆتایی نییە و سەرلێشێواوانە بە کۆمەڵێك پرسیارەوە چیرۆکەکە بە کراوەیی بە ڕووی خوێنەردا جێدەهێڵێت و بوار بە خوێنەر دەدات بە وەڵامدانەوە و بڕیاردان لەسەر کۆتاییەکی ڕازیکەر :**"نازانم ئەمە بەسەرهاتی ئەو پیاوەیە کە بوو بە بەرد، یان سەرگوزشتەی ئەو ژنەیە کە بە تۆپەڵێ یادگار و چاوەڕوانی و برینەوە دیار نەما و جێیهێشتین، یان چیرۆکی ونبوونی خۆمە لەنێو دۆزینەوەی ماناکاندا بۆ نووسین، یاخود لە یەك کاتدا چیرۆکی هەرسێکمانە،... هتد"** (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٦٨)

لە کاتی گەشتەکەی بۆ ماڵی ژنی ئەو پیاوەی بووە بە بەرد، غەریب ڕێکۆرد هەروەکو ژنەکە بۆی باسکردووە، لە ڕێگادا لە چایخانەیەك لادەدەن و چا دەخۆنەوە، کابرای چایچی کوڕەکەی ناردووە بۆ شار تاکو شەکری بۆ

بکرێت، بەڵام چیتر ئەو کوڕە ناگەڕێتەوە، ئەو باوکە داماوەش دووچاری دۆخێکی دەروونیی ئەوتۆ بووە کە هەمیشە پرسیار لە هەموو میوانێکی چایخانەکە دەکات کە بۆچی کوڕەکەی نەگەڕاوەتەوە؟ دەبێ بگەڕێتەوە؟ ئەم دۆخە وا لە غەریب ڕیکۆرد دەکات چیرۆکی نەگەڕانەوەی کوڕی ئەم چایچییە بنووسێتەوە. چونکە هەست بە خەمێکی قووڵ لە ونبوونی ئەو کوڕەدا دەکات کە هەموان پێکەوە گرێدەدات. واتە هەروەك چۆن چیرۆکی ئەو پیاوەی بوو بە بەرد لە چیرۆکی یەکەمدا پاشخست و بە تەنیا و سەربەخۆ چیرۆکەکەی هەر بەو ناونیشانە نووسییەوە، لێرەش بڕیاری نووسینەوەی چیرۆکی نەگەڕانەوەی کوڕی چایچییەکە دەدات بە ناونیشانی (حوزنی میوانێك بە تەنیشت ژیاندا دەڕوات). بەڵام جیاوازییەکەی لەوەدایە کە لێرەدا وەکو چیرۆکی پێشتر، پێشوەختە بە خوێنەر ناڵێت کە بە نیازە لە ئایندەدا ئەم چیرۆکە بنووسێتەوە، بەڵکو هەر دوای تەواوبوونی چیرۆکی تەواونەبووی (ئەو پیاوەی بوو بە بەرد)، ڕاستەوخۆ بە ڕووی خوێنەردا دەردەخات و خۆی دەناسێنێتەوە و هۆی دەرکەوتنی ئەمجارەشیان پێدەڵێت :**"ئەوە دیسانەوە منم، غەریب ڕیکۆرد، بێ ئەوەی پەیمان بە کەسێ بەم هاتمەوە گۆ. دەزانم چیرۆکی تەواونەکراوی ئەو کوڕە چایچییەی نەهاتەوە بۆ لای باوکی، بووە بە مەراق لاتان، کوڕێ چوو بۆ شەکر و نەهاتەوە. دەتوانم ئەوە تێبگەم کە مرۆڤ جار بە جارێك دوای ئازاری کەسانی تر دەکەوێت و برینی دڵی خۆی بیر دەچێتەوە. من هەستدەکەم حوزنێك لە ونبوونی ئەو کوڕەدا هەیە کە هەموومان پێکەوە دەبەستێتەوە، حوزنێك، هێندە قووڵە هەروا ناشاردرێتەوە، حوزنێك ناکرێ هەروا بە ئاسانی بە دەم دونیاوە وەك منداڵێ پێبکەنین و پێشانی بدەین هیچ ڕووی نەداوە."** (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٧١). کەواتە غەریب ڕیکۆرد وەکو هەر دوو چیرۆکەکەی پێشتر هەر لە سەرەتاوە ڕووی دەمی لە وەرگری (کۆ)یە. لێرەدا

تەنانەت بە هۆی خەمی ونبوونی ئەو کوڕە چاپچییەوە خۆی و خوێنەرانیش پێکەوە کۆ دەکاتەوە و وای پیشاندەدات کە خەمێکی هاوبەشیان هەیە، بەمەش هەوڵدەدات کە خوێنەران ڕاستەوخۆ بێنێتە ناو چیرۆکەکە و ئەو ئەزموونە لە نزیکەوە بژین. دواتر جارێکی دیکە ئاماژە بەو نامە و ئیمالانەوە دەکات کە لە خوێنەرانەوە پێیدەگات و داوای لێ دەکەن کە ئەم چیرۆکانە لە کتێبێکی سەربەخۆدا چاپ بکات، بەڵام ئەو هەمیشە پێیان دەڵێت :"**تا ئازیزان، من چیرۆکنووس نیم، من تەنها کۆمەڵێ کەسم لێ ون بووبوو کە وام هەست دەکرد بە نووسینەوەیان دەیاندۆزمەوە، من گەڕانە بێ هوودەکانی خۆم نووسییەوە و لە ئێوە بوو بە چیرۆك.**"( کاکەی فەلاح، ۲۰۰۷، ۷۱ - ۷۲). بەم شێوەیە غەریبی گێڕەرەوە لە گفتوگۆیەکی بەردەوامدایە لەگەڵ خوێنەراندا، هەر ئەوەشە وای لێ کردووە بەردەوام بێت لە گێڕانەوە، چونکە ئەم خوێنەرانە ڕاستەوخۆ ڕۆڵی هەڵسووڕانی ڕووداوەکان نابینن، بەڵام پاڵنەرێکی سەرەکین بۆ نووسینەوە و پاراستنی حیکایەتەکان. غەریب ڕیکۆرد دوای هەوڵ و گەڕانێکی زۆر بە دوای ئەو کوڕە چاپچییەدا تەواو بێ ئومێد دەبێت و ناچار واز لە گەڕان دێنێت و بۆ دواجار ڕوو لە خوێنەران دەکات :"**ئازیزان! من وا ئەم چیرۆکەم تەواو کرد، جارێکی تر داوای چیرۆکم لێ مەکەن، با کلیلێ لەم دەرگایە بەین و نەیکەینەوە، بەشکوم کوڕەکەش نەمردبێ، ڕەنگبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان لە پڕ بێتەوە، یان چووبێ بۆ شارێکی تر، یان وڵاتێکی تر، کێ چووزانێ، هەر ئەوەت زانی هاتەوە بۆ لای باوکی، ڕەنگبێ باوکی هەر نەشیناسێتەوە، یان تا ئەو کاتە نەمابێت تا ببینێتەوە، نازانم، ئەوەی لە گیرفانی مندا هەیە و دەمێنێتەوە لە وێنەیەکی کۆن و ڕەشوسپی زیاتر هیچی تر نییە، دەڵێی دوای تارماییەك کەوتووم کە هەر لێرەش نییە، بەڵام گەر وابێت، پرسیارەکە ئەوەیە، باشە بۆچی تا ئێستاش من ناتوانم بە باشی بخەوم؟**" (کاکەی فەلاح، ۲۰۰۷، ۷۸). بەم شێوەیە

غەریب ڕیکۆرد هەرچەندە دەڵێ چیرۆکەکە تەواودەکەم، بەڵام لە ڕێگای کۆمەڵێك ئەگەر و پرسیارەوە چیرۆکەکە بە ناتەواوی و کراوەیی جێدەهێڵێت و بوارێکی فراوان بە خوێنەر دەدات کە خۆی کۆتاییەك بۆ چیرۆکەکە دەستنیشانبکات و پێی ڕازی بن. پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەي کە گێڕەرەوە لەم چیرۆکەدا بە هیچ شێوەیەك خوێنەری تاك نادوێنێت و هیچ پەیامێکی ئاراستە ناکات، بەڵکو هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی چەند جارێکی کەم بەراورد بە دوو چیرۆکەکەی پێشتر، لەگەڵ وەرگری (کۆ)دا قسە دەکات.

لێرەدا هەر سێ چیرۆکی بەدوایەکداهاتووی کۆمەڵە چیرۆکەکە تەواودەبێت، کە تاڕادەیەك تەواوکەری یەکترن و لە لایەن یەك گێڕەرەوەی سەرەکییەوە دەگێڕدرێتەوە کە ئەویش غەریب ڕیکۆردە.

لە چیرۆکی (درەوشانەوەی مەحاڵ)دا، ئەگەرچی شێوازی سەرەکیی گێڕانەوەکە شێوازی خودییە و بە جێناوی کەسی یەکەم دەگێڕدرێتەوە، بەڵام دەستپێکی چیرۆکەکە بە جێناوی کەسی سێیەم دەستپێدەکات کە لە شێوازی گێڕانەوەی بابەتیدا بەکاردێت. هەروەها سەرەتای چیرۆکەکە بەم شێوەیە دەستپێدەکات :**"هەبوو نەبوو، دەوڵەمەندێکی شار هەبوو کوڕێکی هەبوو، هیچ لە خۆی نەدەچوو."** (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٨١) کە سیمایەکی دیاری گێڕانەوەی چیرۆکی فۆلکلۆری و میللییە. دواتر گێڕەرەوە هەر بە جێناوی کەسی سێیەم درێژە بە گێڕانەوەکەی دەدات و ئەوە ڕوون دەکاتەوە بۆچی ئەم کوڕە لە باوکە دەوڵەمەندەکەی ناچێت؟ چونکە وەکو باوکی حەز بە پارە و سامان ناکات و هەمیشە خەونی سەیر و سەمەرە دەبینێت و کەوتووەتە جیهانێکی تایبەت بە خۆیەوە کە لەگەڵ جیهان و دنیابینیی باوکیدا ئاسمان و ڕێسمانن. ئەم دۆخەش ترسێکی گەورەی خستووەتە دڵی باوکییەوە کە ئەگەر فریای نەکەوێت و ئایندەی بۆ مسۆگەر نەکات بۆی هەیە لە برسا بمرێت. باوکەکە ئامادەیە هەر

شتێك بۆ کوڕەکەی بکات بە مەرجێك واز لەو خەونە پووچانەی بهێنێت، ئەویش تەنیا داوای یەك شتی لێ دەکات، هەر ئەو شتەشە کە دەبێتە سەرچاوەی نووسینی چیرۆکەکە. کوڕەکە داوای ئەنجامدانی پێشبڕکێیەکی چیرۆك نووسین لە باوکی دەکات کە پێویستە لە ماوەی مانگێکدا بنووسرێن و هەر خۆیشی تاقە داوەر و ئەندامی بڕیار بەدەستی لێژنەی هەڵسەنگاندن بێت. براوەی خەڵاتی یەکەمیش پارەیەکی خەیاڵی وەردەگرێت. تا ئێرە گێڕەرەوە بە جێناوی کەسی سێیەم دەدوێت و قسە بۆ وەرگری کۆ دەکات و هۆی بەشداریکردنی لەم پێشبڕکێیەدا دەخاتەڕوو "**... خەڵاتی یەکەمیش پارەیەکی زۆر خەیاڵییە من هەر زۆر پێویستم پێیەتی، بەڵام گەر ئێستا بڵێم بۆچیمە، نە بڕوام پێدەکەن و نە تێشم دەگەن. بۆیە پێش هەموو شتێ دەبێ گوێ لە چیرۆکەکەم بگرن.**" (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٨٣). بەم شێوەیە گێڕەرەوە زەین و هۆشی خوێنەر ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بە پەرۆشەوە گوێ بۆ چیرۆکەکە بگرن، دواتر بە جێناوی کەسی یەکەم دەدوێت و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پێویستە لە چیرۆکەکەیدا دوو خاڵ لەبەرچاو بگرێت، ئەوانیش نووسینی نامەیەك بۆ کوڕی کابرای دەوڵەمەند بۆ ئەوەی بزانێت چیبکات تا خەڵاتەکە بباتەوە؟ هەروەها ئەو چیرۆکەی کە دەینووسێت چیرۆکێکی ڕاستەقینەی ژیانی خۆیەتی و بە شێوازێك دەیگێڕێتەوە کە هیچ عەقڵێك وەرینەگرێت. دواتر نامەکە دەنووسێت و کوڕی دەوڵەمەندەکەش وەکو وەرگرێکی تاك دەردەکەوێت. نەك هەر ئەمە، بەڵکو تەواوی ئەو چیرۆکەی کە بۆ پێشبڕکێکە دەینووسێت هەر بۆ وەرگرێکی تاکە کە کوڕی دەوڵەمەندەکەی شارە. بەڵام دوای تەواوبوون و چاپکردن و بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکە، ئیتر ئاراستەی وەرگری کۆ دەکرێت.

بەر لە دەسپێکردن بە نووسینەوەی چیرۆکەکە، گێڕەرەوە وەکو خۆی ئاماژەی پێکرد نامەیەك بۆ ئەو کوڕە دەنووسێت و هەست و پشتیوانیی خۆی بۆ

خەونە سەمەرەکانی دەردەبڕێت، تاکو بتوانێت ڕەزامەندی و قەناعەتی بەدەستبهێنێت و خەڵاتەکە بباتەوە :"**ئازیز! من نازانم تۆ ناوت چییە، بەڵام هەندێ شتی سەیر و جوانم لێ بیستووی، خەونەکانتم خۆش دەوێ. هیوادارم ئەم ڕستەیەم باوکت تووڕە نەکات و لە پێشبڕکێکە نەمکاتە دەرێ. من نازانم بۆ ئەو ڕقی لە خەونەکانتە؟ من بۆ ئەوەی بتوانم چیرۆکێکی سەرکەوتوو بنووسم، دەبێ بە جۆرێك لە جۆرەکان خۆم لە خەونەکانی تۆ نزیك بکەمەوە، مەبەستمە بڵێم، بۆ ئەوەی بیبەمەوە و تۆ بە دڵت بێ، دەبێ چیرۆکێك بنووسم لە ئاستی خەونەکانی تۆدا بێ و پڕ بێ لە فەنتازیا.**" (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٨٣ - ٨٤). کەواتە لەم چیرۆکەدا، گێڕەرەوە لەگەڵ هەردوو خوێنەری تاك و کۆدا دەدوێت، بەڵام زیاتر ڕووی دەمی لە خوێنەری تاکە و کوڕی دەوڵەمەندەکەی شارە و چیرۆکەکەی بۆ دەنووسێتەوە. ئینجا دەست بە گێڕانەوەی حیکایەتەکەی دەکات بە ناونیشانی (**چیرۆکی تیپی زەبوون لە کاتی زێڕیندا**) کە تیپێکی فوتبۆڵی لێهاتوو بەڵام تەمەن کورت و کاریگەر بووە لە ڕۆژگاری خۆیدا. لەم چیرۆکەدا باس لە ژیان و بەسەرهاتی یەکە یەکەی ئەندامانی ئەم تیپی فوتبۆڵە دەکات. چیرۆکەکەشی هەر بەپێی پلانی یاریکردن دابەشکردووە.

سەرەتا (حیکایەتی گۆڵچی)ی دەگێڕێتەوە کە گۆڵچییەکی لێهاتووە و هەموو تەمەنی یەك گۆڵێکی لێ کراوە ئەویش لە لای چەپییەوە، چونکە چاوی چەپی کوێربووە، هەر ئەم کوێرییەی چاوی چەپی دەبێتە هۆی ئەوەی ژیانی بە کارەسات کۆتایی بێت، چونکە لۆرییەك لە لای چەپییەوە بە خێرایی دێت و دەیشێلێت و دەمرێت. پاشان گێڕەرەوە دێتە سەرباسی (نەمانی هێڵی بەرگری) کە ئەمانیش چوار یاریزانی لێهاتوو بوون و لە سەرەتای دەسپێکردنی شەڕی وڵات لەگەڵ دراوسێکەیاندا، بڕیاردەدەن شەڕ نەکەن و وڵات جێبهێڵن. دوای ئەوەی هەر چواریان پێکەوە دواهەمین ژەمیان دەخۆن کە هەر یەکەو چوار

شیش جگەر دەبێت، سنووری وڵات دەبەزێنن، بەڵام لە لایەن چەکدارەکانی پاسەوانی سنوورەوە لە دواوە تەقەیان لێ دەکرێت و هەریەکەیان فیشەکێك بەر سەری دەکەوێت و دەمرن. حیکایەتی هێڵی ناوەڕاست بە ناوی (سێ کەسی هێڵی ناوەڕاست)ە، ئەمانیش سێ یاریزانی یەکجار لێهاتوون و داینەمۆی هەموو بردنەوەکانن، بە تایبەتیش (مێك) و (تەیارە) کە لە لای هێڵی ڕاست و چەپی یاریگاوە یاری دەکەن. ئازادە چکۆڵیش لە ناوەڕاستیانەوە دەبێت. (مێك) و (تەیارە) پێکەوە دەیانەوێت نامە و پارە بگەیەننە براکانیان لەناو شۆڕش، لە نزیك باغەکانی تەوێڵە دەکەونە بەر بۆردوومانی فڕۆکە و گیان لەدەست دەدەن. ئازادە چکۆڵیش هەر لەناو یاریگادا بەسەر تۆپەکەدا دەکەوێت و چیتر هەڵناسێتەوە. (هێڵی هێرشبەران) دوا بەشی چیرۆکەکەیە و دوا هێڵە کە هەر سێ یاریزانەکەی لە ژیاندا ماون، بەڵام مانێك بە تامی نەمان. یاریزانەکانی ئەم هێلە بریتین لە خودی گێڕەرەوەی چیرۆکەکە لەگەڵ (خۆپیشاندان) کە لە لای ڕاستەوە یاریدەکات و هەموو تەمەنی گۆڵێکی نەکردووە و بە وتەی خۆی ئەو هەمیشە لە خەونەکانیدا گۆڵ دەکات. ڕۆژێك وڵات جێدەهێڵێت و ئیتر کەس نازانێت لە کوێیە؟ ئەوی لای چەپیش کە ناوی نەهێناوە، واز لە فوتبۆڵ دەهێنێت و ڕوو لە شانۆ دەکات و دواتر بەهۆی ئەوەی لە دۆبلاژێکدا ڕۆڵی (کەر)ی بینیوە و بە کەرە کەرە بانگیان دەکرد، چیتر بەرگەی نەگرت و ڕووی لە شاخ کرد.

ئەوەی لەم تیپی فوتبۆڵەدا ماوەتەوە و خەمی هەمووانی لە کۆڵ ناوە، بە تایبەتیش (خۆپیشاندان) و کەرە)ی هاوڕێی، گێڕەرەوەی سەرەکیی چیرۆکەکەیە و هەرگیز ناو و ناسنامەی خۆی بۆ خوێنەران ئاشکرا ناکات.

لێرەدا کۆتایی بە چیرۆکی تیپەکەیان دەهێنێت و ئەم چیرۆکەش وەکو ئەوانی پێشتر بە کراوەیی دەهێڵێتەوە، چونکە هێشتا دڵنیا نییە کە خەڵاتەکە دەباتەوە یان نا؟ بڕیاریداوە ئەگەر بیباتەوە: "**یەکەمیان هێنانەوەی کەرەگیانە بۆ**

**شار و بردنی بۆ لای دکتۆرێکی دەروونی بۆ ئەوەی چاك بێتەوە، (...) دەمەوێت بچم بۆ دەرەوەی وڵات و خۆپیشاندان بدۆزمەوە و بیهێنمەوە بۆ لای دایکە پیرەکەی کە کاتێکی کەمی ماوە و هەمیشە کە من دەبینێ ماچم دەکات و دەڵێ بۆنی ئەوت لێ دێ ...**" (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٩٢). چونکە بیستوویەتی لە یەکێك لە وڵاتە بیانییەکاندا یاریچییەکی پەناهەندە هەیە و هەرگیز گۆلی نەکردووە و هەمیشە دەڵێت ئەو تەنیا لە خەونەکانیدا گۆڵ دەکات. بۆیە پێیوایە کە دەبێ ئەوە (خۆپیشاندانی) هاوڕێی بێت. کەواتە گێڕەرەوە زۆربەی زۆری چیرۆکەکەی بۆ وەرگرێکی تاك دەگێڕێتەوە. کۆتایی چیرۆکەکەش بە کراوەیی دەمێنێتەوە و دیار نییە کە خەڵاتەکە دەباتەوە یان نا؟ کە ئەمەش دیار نەبێت، ئیتر دیار نییە کە (کەرە گیان) دێنێتەوە بۆ شار و سەفەری ئەوروپا دەکات؟ ئەگەر سەفەری کرد، خۆپیشاندان دەبینێتەوە یان نا؟ خۆپیشاندان لەگەڵیا دێتەوە یان نا؟ هەموو ئەم (یان)انە بۆ خوێنەر جێهێڵراون.

چیرۆکی (گوڵەکانی دۆزەخ)، دواهەمین چیرۆکی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەیە. تیایدا گێڕەرەوە کە ناسنامەی خۆی ئاشکرا ناکات، لە دەستپێکی چیرۆکەکەوە، قسە بۆ دوانزە خوشك و برای خۆی دەکات، واتە وەرگر لێرەدا کۆیە :"**نا جارێ هیچ پرسیارێکم لێ مەکەن، خوشك و برای چاك بن و پرسیارەکانتان هەڵبگرن بۆ دوایی**" (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٩٧). بەم شێوەیە ئیتر تا کۆتایی چیرۆکەکە دەیەها جار بە چەندین دەستەواژەی جیاواز بە کۆ ناویان دەهێنێت و قسەیان بۆ دەکات وەکو (ئێوە، وا مەزانن، برا و خوشکان، ئازیزان، ئای خوشك و برایان، ئای ئازیزەکانم... هتد). لەم چیرۆکەدا گێڕەرەوە کە برای گەورەی هەموو خوشك و براکانییەتی، دوای مردنی باوکیان هەموویان کۆکردووەتەوە و دەیەوێت لە ڕاستییەکی چارەنووسساز ئاگاداریان بکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەوان هەموویان بە گێڕەرەوە خۆشییەوە خوشك و برای ڕاستەقینە نین و منالی

ڕاستەقینەی ئەو باوکە نین، بەڵکو هەموویان لە هەتیوخانە هەڵگیراونەتەوە. جا باوکیان لەناو کەلوپەلەکانی و لە ژووره زۆرەکانی کۆشکەکەیاندا، چەندین نامە و پارچە کاغەزی وەکو وەسێتێك بۆ منالەکانی نووسیوە. سیانزە سندووقی پڕ لە پارە و خشڵ و زێڕی بۆ جێهێشتوون بەو مەرجەی کە وەسێتەکەی جێبەجێبکەن و بێنەوە لەناو ئەو کۆشکە و پێکەوە بژین. کەواتە حیکایەتە بنەڕەتییەکە ئەوەیە کە ئەم باوکە خۆی گێڕەرەوەیە و نامەی بۆ هەموو منالەکانی نووسیوە، بەڵام دۆزینەوە و پێکەوە گرێدانی ئەو نامانە کەوتووەتە ئەستۆی براگەورە. چونکە ئەم ژنی نەهێناوە و لە ماڵەوە تا مردنی باوکیشی هەر لەگەڵیدا ماوە. لە نامەکان و لە هەموو گێڕانەوەکانی براگەورەدا، لە ڕێگەی دوو حیکایەتەوە کە پێدەچێ پاڵەوانەکە هەر باوکی خۆیانە و لە مردندا گەڕاوەتەوە دنیا و ئەویش بڕیاریداوە کە ئەو هەتیو و بێ کەسانە بگرێتە خۆی و بیانکات بە منالی خۆی. لە دۆزەخیشدا تۆوی کۆمەڵێك گوڵی هێناوە و چاندوونی و لە تەواوی دنیاوە هاتوون لێیان کڕیوە و هەر بە فرۆشتنی ئەو گوڵانە ئەو کۆشکەی بۆ دروستکردن و بەخێوی کردوون. لەمەدا سەرکەوتووش دەبێت. جا دوای ئەوەی برا گەورە (گێڕەرەوەی سەرەکیی هەموو حیکایەتەکە تەواو دەکات و سەرپشکیان دەکات لەوەی کە بچن بە دوای دایك و باوکی ڕاستەقینەی خۆیاندا بگەڕێن، لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆتایی چیرۆکەکەدا بە خوشك و براکانی دەڵێت :"... **ڕەنگە زۆر شت مابن و وەك دەبینن ئەم کۆشکە زۆر گەورەیە، من بە تەنیا هەر ئەوەندەم توانی بپشکنم. گەر پێشتان خۆش بوو ئێوەش وەرن و بگەڕێن لەگەڵمدا، لەوانەیە زۆر نهێنی تریش بدۆزنەوە، چەندەها ژوور هەر فریای ئەوە کەوتووم بەسەر پێوە سەیرێکیان بکەم، سەدەها دار ماون و نەچوومە بە لایاندا و نازانم لەژێر ئەم زەوییەدا چی تری لێیە؟ جارێ من هەر ئەوەندەم بۆ کرا. بەڵام من ماندوو نیم و ئەو گەڕانەشم پێ خۆشە، ئیتر من تا**

**ئێرە بەسە، ئازیزان! ئەی برا و خوشکە نازدارەکانم! من بێ دەنگ دەبم و ئێوە قسە بکەن."** (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ١١٦). وەکو دەبینین لەم چیرۆکەدا تەنیا وەرگری کۆ هەیە و وەرگری تاك بە هیچ شێوەیەك دەرنەکەوتووە. گێڕەرەوەش کۆتایی چیرۆکەکەی دیسان بە کراوەیی جێهێشتووە. چونکە دیار نییە ئەو خوشك و برایانە دەمێننەوە، یان بە یەکجاری ئەو ماڵە بە جێدەهێڵن؟ بە دوای دایك و باوکی ڕاستەقینەی خۆیاندا دەچن یان نا؟ ئەگەر بچن دەیانبیننەوە یان نا؟

**٢.خوێنەری ناوەکی و خوێنەری دەرەکی**

ئەگەر چاوێك بەو سەرچاوانەدا بخشێنین کە باسیان لە خوێنەر کردووە، چەندین ناو و زاراوەی جیاوازمان بەرچاو دەکەوێت کە هەموویان بە مانای (خوێنەری ناوەکی و خوێنەری دەرەکی) بەکار هاتوون. جیراڵد برنس لە ڕەخنەگرە یەکەمەکانە کە بایەخی بە وەرگر و خوێنەر داوە، لە میانەی گرنگیی خوێنەر لە پرۆسەی گێڕانەوە و پەیوەندیکردندا، ئەو پرسیارە دەورووژێنێت کە بۆچی ئێمە خۆمان سەرقاڵ و ماندوو دەکەین بە جیاکردنەوە و ناسینەوەی جۆرەکانی گێڕەرەوە (هەموو شتزان، هەمان شتزان) بەڵام بیر لەوە ناکەینەوە کە ئەم پەیام و گوتارەی گێڕەرەوە ئاراستەی کێ دەکرێت؟ ئاشکرایە کە مەبەستی جیراڵد برنس لەم (کێ)یە، خودی (بۆگێڕەوە)یە (سلدن، ١٩٩٦، ١٦٠). برنس جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە بۆگێڕەوە و خوێنەر جیابکەینەوە و تێکەڵیان نەکەین، چونکە خوێنەری ڕاستەقینە دەتوانێت چەندین چیرۆك یان ڕۆمان بخوێنێتەوە کە هەر یەکەیان چەندین بۆگێڕەوەی جیاواز لەخۆدەگرن (برنس، ٢٠٠٣، ١٤٣). ئەم بۆگێڕەوانەش هەموویان بە شێوەی جیاواز لە ڕێگەی گێڕەرەوەوە دەناسێنرێن وەکو ڕەگەزەکەی (خاتوونی ئازیز یان برای بەڕێز) یان جێگا و پێگەکەی (لەسەر کورسییەکەی) یان لە ڕێگەی تەمەنەوە کە کەسێکی

(پێگەیشتوو)ە، بەڵام هەندێك جار خوێنەری ڕاستەقینە بۆی هەیە لەگەڵ بۆگێڕەوەدا یەك بگرێتەوە یان جیاوازبێت، جاری وا هەیە خوێنەر کرێکارێك یان گەنجێکی ڕەشپێستە و لەناو جێگای نوستنەکەی سەرقاڵی خوێندنەوە بێت (سلدن، ١٩٩٦، ١٦٠). بەم شێوەیە برنس (خوێنەری ناوەکی - بۆگێڕەوە) کە بوونەوەرێکە لە کاغەز و لەناو دەقەکەدایە، جیادەکاتەوە لە خوێنەری ڕاستەقینە کە لە دەرەوەی دەقەکەیە و بەڕاستیش سەرقاڵی خوێندنەوەی دەقەکەیە.

(وۆڵفانگ ئایزەر)یش هەمان ئەو جیاکردنەوەیەی جیراڵد برنس دەکات، بەڵام بە زاراوەی جیاواز، ئەم، دوو جۆر خوێنەر جیادەکاتەوە ئەوانیش (خوێنەری شاراوە) و (خوێنەری راستەقینە)ن، هەرچەندە دەبوایە ئەمەی دووەمیان (خوێنەری ئاشکرا) بوایە، چونکە تەواو پێچەوانەی شاراوەیە. بەهەر حاڵ مەبەستی ئایزەر لە خوێنەری شاراوە، ئەو خوێنەرەیە کە دەقەکە بۆ خۆی دروستی دەکات، واتە لەناو خۆیدایە و سەرنجمان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشێت. هەرچی خوێنەری ڕاستەقینەیە، لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا هەندێك وێنەی ئاوەزی وەردەگرێت. شێوەی وەرگرتن و دەوڵەمەندیی ئەم وێنانەش لەسەر ئەزموونی کەڵەکەبووی خودی خوێنەر دەوەستێت، بۆ نموونە ئەگەر خوێنەر کەسێکی بێ باوەڕبوو ئەوا بە شێوەیەکی جیاواز لە کەسێکی باوەڕداری مەسیحی لە شیعری (وۆردس وۆرس)ی شاعیر وەردەگرێت و کاریگەر دەبێت (سلدن، ١٩٩٦، ١٦٤). واتە خوێنەری ڕاستەقینە لە کاتی خوێندنەوەدا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بیر و بۆچوون و دۆخی کۆمەڵایەتی و ئەزموونە کەڵەکەبووەکانی پێشتری، بەڵام خوێنەری شاراوە لەم کاریگەرییانە دوورە، لەم ڕووەوە تێری ئیگڵتۆن ڕەخنەی ئەوە لە ئایزەر و تەنانەت لە ڕۆڵان بارتیش دەگرێت کە جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی خوێنەریان لەبەرچاو نەگرتووە و پشتگوێیان خستووە، چونکە خوێنەر بە بڕوای ئیگڵتۆن لە

بۆشاییەوە دەق و گوتارەکانی دەق وەرناگرێت، بەڵکو لە ڕێگەی پێگەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی خۆیەوە ئەو کارە دەکات کە یارمەتیدەدەن تاکو دەقەکان بە قووڵی ڕاڤە بکات (ایغلتون، ١٩٩٥، ١٤٦)

ئێمە لێرەدا بۆ ئەوەی خۆمان لەو پشێویی زاراوانە ببوێرین، وەکو لە ناونیشانی تەوەرەکەدا دەستنیشانمان کردووە، زاراوەی خوێنەری ناوەکی بۆ (بۆگێڕەوە و خوێنەری شاراوە) بەکاردێنین و خوێنەری دەرەکییش بۆ (خوێنەری ڕاستەقینە یان ئاشکرا) بەکاردێنین و هەوڵدەدەین لە چیرۆکەکانی کەرەستەی توێژینەوەکەدا دەستنیشانیان بکەین و شییان بکەینەوە.

لە چیرۆکەکانی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەدا، ئارام کاکەی فەلاح بەپێی پێویست هەر دوو جۆری خوێنەری دواندووە.

لە چیرۆکی (نووسینەوەی دڕك)دا، نووسەر هەردوو خوێنەری دەرەوە و ناوەوەش دەدوێنێت، بەڵام زیاتر روو لە خوێنەری دەرەوە دەکات و گوتاری ئاراستە دەکات (ڕەنگ بێ پێتان خۆش بێ بزانن، لێتان ناشارمەوە، تۆی خوێنەری ئازیز، ئەی خوێنەری خۆشەویست، ئەمەی ئێوە دەیخوێننەوە، ئێوە چووزانن، ئێوە چەند پارسیی دەناسن، ئێستا خوێنەری خۆشەویست، ئەی خوێنەری ئازیز). ئەمانە هەموو ئەو شێوە دەربڕینانەیە کە لە ڕێگەیانەوە (غەریب ڕیکۆرد)ی گێڕەرەوە بەکاریاندەهێنێت بۆ پەیوەندیکردن بۆ خوێنەری دەرەوەی دەق، بەمەش خوێنەر زیاتر دەباتە ناو جیهانی دەقەوە و وای لێ دەکات کە بە پەرۆشەوە گوێ بۆ حیکایەتەکە بگرێت. لەبەر زۆریی نموونەکان تەنیا یەك نموونە دێنینەوە.

هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەوە غەریب ڕیکۆرد کە خۆی دەناسێنێت، ڕووی دەمی لە خوێنەری دەرەوەیە، **"من ناوم غەریبە، غەریب ڕیکۆرد. ڕەنگبێ پێتان خۆش بێ بزانن، ئەم ناوەی من بۆ وا سەیرە و لە کوێوە هاتووە؟ لە**

**ڕاستیدا ئەمە نازناوی منە و ماوەی بیست ساڵێکە وای لێ هاتووە، دەنا پێش ئەوە نازناوم "خەریك ڕیکۆرد" بوو"** (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٢٣). ڕاستە لێرەدا هیچ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ خوێنەری دەرەوە نییە، بەڵام هیچ ئاماژەیەك بۆ خوێنەری ناوەوەش نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بە دوو بەڵگە بڕیاربدەین کە گێڕەرەوە لەم نموونەیەدا مەبەستی خوێنەری دەرەوەیە، یەکەم؛ ئەوانەی خۆیان پێ دەناسێنێت بە هیچ شێوەیەك وەکو کارەکتەر لەناو چیرۆکەکە دەرناکەون. دووەمیش؛ لە لاپەڕەکانی دواتردا خوێنەر دڵنیا دەبێتەوە کە گێڕەرەوە قسە بۆ خوێنەری دەرەوە دەکات، چونکە چەند جارێك ڕاستەوخۆ ناوی خوێنەر دێنێت، وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان بە دەربڕینەکان کردووە. بۆ نموونە :"... **منێك هەر بەو پاکی و شەرمنییەی جارانمەوە بێم و حیکایەتی هەر چوارمان بنووسمەوە. چواری چی؟ دووانمان ماوین، ئاخ گەر چیرۆکنووس دەبووم، ئەی خوێنەری خۆشەویست! وا بە ئاسانی ئەوەم نەدەدا بە دەستەوە کە لە چوار دووانمان ماوین، ئەی دووانەکەی تر کێن؟ کوان؟ چییان لێ هات؟"** (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٢٤ - ٢٥). ئەم جۆرە دەربڕین و دوواندنانە ئەو هەستە بە خوێنەر دەبەخشن کە ئەوانیش بەشێکن لە ڕووداوەکان، گێڕەرەوە زۆر ستەمکارە و تەنیا وەکو وەرگرێکی بێ دەنگ و گوێڕایەڵ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و هیچ بوارێکیان پێ نادات بۆ قسەکردن.

سەبارەت بە خوێنەری ناوەوەش، تەنیا دوو نموونەمان بەرچاو دەکەوێت کە هەردووکیان لە ڕێگەی نامەوە بەرجەستە کراون. واتە گێڕەرەوە نامە بۆ کارەکتەرێك دەنووسێت کە بەشدارن لە ڕووداوەکانی چیرۆکەکە. یەکەمیان کاتێك کە پیاوە سیحربازەکە بە تۆمەتی دزیکردن دەستگیرکراوە و دادگایی دەکرێت، غەریب ڕیکۆرد بۆ ئەوەی تۆمەتەکانی بەسەردا ساغ بکاتەوە، وەکو کەسێکی نادیار چەندین نامە بۆ سەرۆکی دادگا دەنووسێت و باسی سروشت و

هەڵسوکەوتەکانی سیحربازەکە دەکات بۆ ئەوەی قەناعەت بە دادگا بکات کە کابرای سیحرباز بەڕاستی دزە. کاتێك سیحربازەکە چەند جارێك خوێنی لووتی دەڕژێت و ناچار دەیبەن بۆ نەخۆشخانە و بۆی دەسووتێنن تاکو خوێنەکەی بوەستێت، غەریب ڕیکۆرد نامەیەك بۆ سەرۆکی دادگا دەنووسێت و وەکو دەروونناسێك بۆچوونی خۆی لەبارەی سیحربازەکە بۆ سەرۆکی دادگا دەخاتەڕوو :**"گەورەم! سیحربازەکە درۆ دەکات، کە درۆ دەکات وای لێ دێت. تۆ (پینۆچیۆ) دەناسی، کە درۆی دەکرد لووتی درێژ دەبوو، ئەم کابرایەش کە درۆ دەکات، خوێنی لووتی دەپرژێت. هەر یەك لە ئێمە گەورەم! کە درۆ دەکەین، شتێکمان لێ ڕوو دەدات، گرنگ ئەوەیە بدۆزرێتەوە. ئەوە میتۆدێکی باشە بۆ دۆزینەوەی تاوانباران."** (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٤٤). بەم شێوەیە سەرۆکی دادگا کە کارەکتەرێکی گرنگی چیرۆکەکەیە، وەکو وەرگرێکی ناوەکی بە پشتبەستن بە نامەکانی غەریب ڕیکۆرد بڕیار لەسەر تاوانباریی سیحربازەکە دەدات و هەموو هەوڵ و تەقەللاکانی غەریب سەرکەوتوو دەبێت بۆ تۆڵەسەندنەوە لە سیحربازەکە.

لە چیرۆکی (ئەو پیاوەی بوو بە بەرد)دا، هەردوو خوێنەری دەرەوە و ناوەوە تا ڕادەیەك بە شێوەیەکی یەکسان بەکارهاتوون. هەر لە دەستپێکی چیرۆکەکەدا غەریب ڕیکۆردی گێڕەرەوە لە ڕێگای پرسیارکردنەوە خۆی بە خوێنەری دەرەوە دەناسێنێت :**"نازانم دەمناسنەوە یان نا، من غەریبم، غەریب ڕیکۆرد. ئەو کەسەی پەیمانم پێدان، چیرۆکی ئەو پیاوە بنووسمەوە کە بوو بە بەرد."** (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٥٣). پێشتریش ئاماژەمان بۆ کردووە کە ئەم چیرۆکە تەواوکەری چیرۆکی پێش خۆیەتی و لە چیرۆکی پێشتردا غەریب ڕیکۆرد بەسەرهاتی ئەو پیاوەی کە لەناو درکەکانی حەوشەی پیاوە سیحربازەکە دەبێت بە بەرد، دوا دەخات و بەڵێن بە خوێنەران دەدات کە لە داهاتوودا

چیرۆکەکەی بنووسێتەوە. دیارە ماوەیەکی زەمەنیی وەهای پێ چووە تا غەریب ڕیکۆرد لە خوێنەران دەپرسێت: **نازانم دەمناسنەوە یان نا**. دوای ئەوەی خۆی بە خوێنەران دەناسێنێتەوە، دەس بە گێڕانەوەی حیکایەتی پیاوە بەردبووەکە دەکات. لە دوو شوێنی دیکەش لە ڕێگەی دەربڕینی (ئێستا ئەی خوێنەری ئازیز)ەوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە حیکایەت بۆ خوێنەری دەرەوە دەگێڕێتەوە، **"ئێستا ئەی خوێنەری ئازیز! ئاگایەکی باشت لەم شپرزەییەی من هەیە لە پێکەوە بەستنەوەمدا بۆ ئەو ڕێگایەی، کە هەتا بێت، لە ئەفسوون زیاتر دەچێ وەك لە ڕێگایەکی ئاسایی. باش دەزانی کە درەنگ تەواوکردنی منیش بۆ چیرۆکەکە ناگەڕێتەوە بۆ تەممەڵی، بەڵکو وەك وتم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ژنەکە لە پڕ دیار نەما. تەنها ڕێگایەکیش بۆ من ئەوەبوو کە دوای بکەوم و هەوڵ بدەم بیدۆزمەوە."** (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٦٠). لێرەدا گێڕەرەوە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەوەستێت و ڕوو لە خوێنەری دەرەوە دەکات و باس لەو زەحمەتییانە دەکات کە لە کاتی دەستخستنی زانیارییەکان لەبارەی پیاوە بە بەردبووەکەوە هاتوونەتە ڕێگای، ئەویش بریتییە لە ونبوونی ژنی پیاوەکە کە لە سەرچاوەی زانیارییەکانە لە پڕ دیارنامێنێت، هەر ئەمەش وا دەکات تەواوکردنی چیرۆکەکە دوابکەوێت، بۆیە گێڕەرەوە کە دەست بە گێڕانەوەی حیکایەتەکە دەکات دڵنیا نییە کە ئایا خوێنەران ناوی ئەویان لە بیر ماوە یان نا؟

سەبارەت بە خوێنەری ناوەوەش، هەر غەریب ڕیکۆردی گێڕەرەوە خۆی ماوەیەك دەبێت بە بۆگێڕەوە (وەرگری ناوەوە)، ئەویش کاتێك کە ژنی پیاوە بە بەردبووەکە باسی ئەو ڕێگا سەخت و درێژەی بۆ دەکات کە هەموو جارێك پێیدا دێت بۆ سەردانی پەیکەری هاوسەرەکەی. دیارە غەریبیش بۆ ئەوەی هیچ شتێکی لە وردەکاریی ئەو ڕێگایە بیر نەچێتەوە، هەموو قسەکانی ژنەکەی تۆمارکردووە. خوێنەر بە ئاسانی ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە لێرەدا قسەکەر، یان

گێڕەرەوە ژنەکەیە و وەرگریش غەریب ڕیکۆردە، ئێمە لەبەر درێژی قسەکانی ژنەکە تەنیا بەشێکی کەمی لێ وەردەگرین، "**بە پێ دوو هەزار هەنگاو دەنێم و دەگەمە لێژاییەك، بەردێك هەر لەوێدا دەکەوێتە خوارەوە بۆ چاڵاییەك کە لە دوورەوە لە شتێکی سەیر دەچێ. هەمیشە کە دەگەمە ئەوێ بەردێك دەکەوێتە خوارەوە... سەیرە نازانم بۆ؟ (...) دوای سێ سەعات لەسەر سەدەکە دادەبەزم، هەر کە دەگەمە سەر سەدەکە باران دەبارێت، هەمیشە کە دەگەمە ئەوێ باران دەبارێت، سەیرە... نازانم بۆ؟ نیو سەعاتێ بە پێ دەگەمە ناو درِکەکان لە بەردەم پەیکەری بەردینی مێردەکەمدا فرمێسك بەرچاوانم دەگرێت و غەمێکی چرِیش بەر دڵان. ماوەیەك لەگەڵ پەیکەرەکەدا دەدوێم، بەردێك کە هەست دەکەم گوێی لێمە. دوایی دەڕۆمەوە ...هتد**" (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٥٨ - ٥٩).

ژنی پیاوە بەبەردبووەکە هەمان وێنەی ڕێگەکە بۆ غەریب باس دەکات کە پێیدا هاتووە. ئەگەر سەرنج بدەین لێرەدا ئەم ژنە باسی ئەو قۆناغەی دوای بە بەردبوونی هاوسەرەکەی و سەردانیکردنی پەیکەرە بەبەردبووەکەی دەکات. بەڵام بەر لە کۆتایی چیرۆکەکە باسی سەرەتاکانی ئاشنابوون و عاشقبوونیان بە یەکتری دەکات، لێرەشدا بە ئاشکرا ڕوو لە غەریب دەکات و بە کوڕی خۆی ناوی دەبات، "**سەرەتاکان کوڕی خۆم! ئەم مێردە بەردینەی من ئێستا وای مەبینە بووە بەم پەیکەرە و ناجوولێت، وای مەبینە کە هیچ ناڵێ هی ئەوەیە عاشقێکی سارد و سرِە و کوڕی بەفر و نەوەی سەهۆڵە. ئێمە هێندە عاشقی یەك بووین هەر مەپرسە. ئەم نەگبەتەی من دەبووایە گرەو لە نۆزدە کەس بباتەوە کە لە یەك کاتدا هاتبوون بۆ داخوازی من، بە خۆیەوە بیست... هتد**" (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٥٣). لێرەدا نووسەر پشوویەك بە گێڕەرەوە دەدات و دەیکات بە بۆگێڕەوە و دەیەوێت هەموو زانیارییەکان لەبارەی پیاوە بەبەردبووەکەوە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی هاوسەرەکەیەوە پێشکەش بکات.

لە چیرۆکی (درەوشانەوەی مەحاڵ)دا، وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە، گێڕەرەوە بەو هیوایەی خەڵاتی یەکەم بباتەوە چونکە پارەیەکی خەیاڵییە و زۆر پێویستی بەو بڕە پارەیەیە، بۆیە ئاماژە بۆ دوو خاڵ دەکات کە پێویستە بەر لە نووسینی چیرۆکەکە بەو کوڕەی بڵێت؛ "**یەکەمیان نامەیەکی کورت بۆ کوڕەکە، نامەیەك کە تیایدا باسی ئەوە بکەم، کە من چیبکەم بۆ ئەوەی بتوانم بیبەمەوە. دووەمیان چیرۆکەکە، کە بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەی ژیانی من بێت، کە بەسەرما هاتبێ، ڕاست بێت، بەڵام وا بە ئاسانی نەچێتە عەقڵەوە، دواجار بە کورتی دەبێ ئەوە بنووسم، گەر من یەکەم بووم بەو پارەیەی کە دەیبەمەوە چی دەکەم.**" (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٨٣). هەموو ئەم قسانە گێڕەرەوە بۆ وەرگری دەرەوە دەیانکات و گرنگییەکی زۆریشی هەیە بۆ خوێنەر، چونکە لە خاڵی یەکەمدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە لێرەوە ئیتر وەرگرەکە دەبێت بە وەرگرێکی ناوەکی. لە خاڵی دووەمیشدا هەم خۆی دەبێت بە گێڕەرەوەیەکی هەمان شتزان و بە جێناوی یەکەم قسە دەکات چونکە چیرۆکەکەی کە دەینووسێت بەسەرهاتی ڕاستەقینەی ژیانی خۆیەتی و هەمیش خوێنەری ناوەوە و دەرەوەش لە یەك کاتدا پەرۆشدەکات کە ئەگەر خەڵاتی یەکەم بباتەوە، چی لەو پارە خەیاڵییە دەکات؟ دیارە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا ئەوەمان پێدەڵێت.

"**ئازیز! من نازانم ناوت چییە، بەڵام هەندێ شتی سەیر و جوانم لێ بیستووی، خەونەکانتم خۆش دەوێ، هیوادارم ئەم ڕستەیەم باوکت تووڕە نەکات و لە پێشبڕکێکە دەرم نەکاتە دەرێ من نازانم ئەو بۆ ڕقی لە خەونەکانتە؟ من بۆ ئەوەی بتوانم چیرۆکێکی سەرکەوتوو بنووسم، دەبێ بە جۆرێك لە جۆرەکان، خۆم لە خەونەکانی تۆ نزیك بکەمەوە، مەبەستمە بڵێم، بۆ ئەوەی بیبەمەوە و تۆ بە دڵت بێ، دەبێ چیرۆکێك بنووسم لە ئاستی خەونەکانی تۆدا بێ و پڕ بێ لە فەنتازیا، ئای کە نووسینی چیرۆکێکی باش زەحمەتە، ئەوانە**

**دەزانن، کە قەت ناتوانن بینووسن، من نازانم لە کامیانم، بەڵام هیوادارم چیرۆکەکەم بە دڵی تۆ بێ و خەڵاتی یەکەم وەربگرم. هەرچەندە ئەوەشم لەبەر چاوە کە چیرۆکە باشەکان بە دەگمەن نەبێ لە پێشبڕکێکاندا نایبەنەوە، بۆ نایبەنەوە نازانم؟ خۆزگە وەڵامی ئەو پرسیارەم لا دەبوو بە بێ ئەوەی کەس زویر بکەم.**" (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٨٣ - ٨٤). ئەمە دەقی ئەو نامەیەیە کە گێڕەرەوە بۆ کوڕی پیاوە دەوڵەمەندەکەی شاری نووسیوە. دواتر دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی خۆی دەکات کە لەبارەی تیپێکی دوو گۆڵییەوەیە لە تەمەنێکی کورتدا مێژوویەکی پرشنگداریان تۆمارکردووە و ناویان لە یادەوەریی نەوەکانی پێشتردا ماوەتەوە. بەڵام زۆربەی ئەندامانی ئەم تیپە بە کارەسات کۆتایی بە ژیانیان هاتووە. ئەوەی ماوەتەوە، خودی گێڕەرەوەیە کە ناسنامەی دیار نییە و چارەنووسی ئەوەبووە کە چیرۆکەکە بۆ کوڕی دەوڵەمەندەکەی شار بگێڕێتەوە. دوای باسکردنی حیکایەتی هەموو ئەندامانی تیپەکە، دەڵێت :" **... ئەگەر منیش لە پێشبڕکێکەدا بردمەوە، ئەوا بە پارەکەی دوو کاری زۆر گرنگ دەکەم؛ یەکەمیان هێنانەوەی کەرە گیانە بۆ شار و بردنی بۆ لای دکتۆرێکی دەروونی بۆ ئەوەی چاك بێتەوە (...) بە بەشێکی تری پارەکە، دەمەوێ بچم بۆ دەرەوەی وڵات و خۆپیشاندان بدۆزمەوە و بیهێنمەوە بۆ لای دایکە پیرەکەی، کە کاتێکی کەمی ماوە و هەمیشە کە من دەبینێ و ماچم دەکات و دەڵێ بۆنی ئەوت لێ دێ، ڕەنگی ئەوت گرتووە ...هتد.**" (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٥٣). وەك دەبینین تەواوی ئەم چیرۆکە بۆ تاکە وەرگرێکی ناوەکی دەگێڕدرێتەوە، وەکو لە پێشتریش ئاماژەمان بۆ کردووە کۆتاییەکی کراوەی هەیە، بەڵام دوای چاپکردن و بڵاوبوونەوەی چیرۆکەکە، دەگات بە خوێنەری کۆ و درەرەوەی دەقەکە.

لە چیرۆکی (گوڵەکانی دۆزەخ)دا، کە دوایین چیرۆکی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەیە، گێڕەرەوە لە سەرەتاوە تا کۆتایی چیرۆکەکە ناسنامەی خۆی ئاشکرا

ناکات، تەنیا ئەوە نەبێ کە برا گەورەی ئەو دوانزە خوشك و برایەیە قسەیان بۆ دەکات و وەرگریش هەر ئەو دوانزە خوشك و برایەن و وەرگرێگی ناوەکیین، هەموویان بە بێ ئەوەی یەك وشەش بڵێن تا کۆتایی چیرۆکەکە بە بێ دەنگی دەمێننەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی گێڕەرەوە، ئەگەرچی گێڕەرەوەیەکی هەمان شتزان و بەشداربووی ڕووداوەکانی چیرۆکەکەیە، بەڵام کۆمەڵێك نهێنی لەناو کەلوپەلەکانی باوکی کۆچکردوویاندا دەبینێتەوە کە خۆی لە وەسێتێکدا دەبینێتەوە، ئەمیش ناچار هەموو خوشك و براکانی کۆکردووەتەوە تاکو ئەو نهێنی و وەسێتەی باوکیان بۆ باسبکات و سەرپشکیشیان بکات لە جێبەجێکردنیدا. نهێنییەکەش بریتییە لەوەی کە ئەو سیانزە خوشك و برایە هیچیان خوشك و برای ڕاستەقینەی یەکتر نین، بەڵکو (گوڵەباخ)ی باوکیان لە هەتیوخانە هەڵیگرتوونەوە و بەخێوی کردوون. لە وەسێتەکەشیدا داوای ئەوەیان لێ دەکات کە هەموو بگەڕێنەوە ئەو کۆشکەی کە بۆی دروستکردوون و پێکەوە بژین، بۆ ئەمەش تەماحێکی خستووەتە بەریان کە هەر یەکەیان بڕێکی زۆر پارە و زێڕی بۆ داناون.

لە دەستپێکی چیرۆکەکەدا، گێڕەرەوە بەم شێوەیە دەدوێت :**"نا، جارێ هیچ پرسیارێکم لێ مەکەن. خوشك و برای چاك بن و پرسیارەکانتان هەڵبگرن بۆ دوایی. دوای کردنەوەی باوڵی پڕ لە نامەکان، سندووقی بەیازە پچڕاو پچڕاوەکان، بەسەرهاتە تێکەڵوپێکەڵەکان، ئاشکراکردنی نهێنییە سەیرەکان، چ لەسەر زەوی، چ لە ئاسمان، هەڵی گرن بۆ دوایی، دوای گێڕانەوەی هەموو ڕووداوەکان.**

**من ئێوەم بۆیە لەم باخچەیەدا کۆکردۆتەوە، لەم ماڵە گوڵەدا، ئەم کۆشکەی هەر لە شووشەی عەترێکی گەورە دەچێت، بۆیە چوار مانگم بۆ دۆزینەوەی هەمووتان بەسەر برد، بۆ ئەوەی پێتان ڕابگەیێنم، کە هەر یەکە لە**

**ئێوە ژوورێکی هەیە، ژوورێك لە پەڕەی گوڵ، ناوتان لەسەر دەرگاکان نووسراوە، ئەو دەرگایانەی دەتانبەنە ژوورەکانی خۆتان، ئەو ژوورانەی، کە پڕن لە باوڵی زێڕ و جانتای زیو و پارەی زۆر، کە بێغەم، تا نا کۆتا بەشتان دەکات."** (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٩٧). دواتر تا کۆتایی چیرۆکەکە بە چەندین دەربڕینی تر و جیاواز ناوی وەرگری ناوەوە دەبات وەکو (**خوشك و برای چاك بن، ئازیزان، نا خوشکان، ئای خوشك و برایان، برا و خوشکە ئازیزەکانم**) و تەواوی نهێنییەکانیان بۆ خوشك و براکانی ئاشکرا دەکات و دەیگێڕێتەوە. ئامانجی سەرەکی لە گێڕانەوەی ئەم حیکایەتە کۆکردنەوەی ئەو دوانزە خوشك و برایەیە کە دوای ئەوەی هەر یەکەیان ژنی هێناوە و شووی کردووە، پەیوەندییان لەگەڵ یەکدا پچڕاندووە، خەونی گوڵەباخی باوکیان ئەوەیە ئەگەر بە مەرگی خۆیشی بێت کۆببنەوە و هەموویان لە یەك کۆشکدا وەکو یەك خێزان پێکەوە بژین. :**"نا توخوا جارێ پرسیار مەکەن! ئەو خۆشییەم لێ تێك مەدەن، لە سەیرکردنتان کە لە دوای ئەو هەموو زویربوون و تووڕەبوونەتان لە یەکتر، وا هاتنەوە ئێرە و پێکەوە کۆبوونەوە. ئاگاتان لەوەیە چۆن شتێ هەیە پێکەوە دەمانبەستێتەوە، تەمەننای گوڵەباخ بوو هەمیشە پێکەوە بووینایە، بەڵام ئیدی وا کەوتەوە و خۆی وتەنی بە مەرگی خۆی ئەم کۆبوونەوەیەی ساز کرد. ئێوە چی ناو دەنێن ناوی بنێن، بەڵام من ناوی دەنێم گرێکوێرەی خۆشەویستی. ئاگاتان لێیە هەرچەندە دوای ئەوەش کە زانیوتانە خوشك و برای ڕاستەقینەی یەکتر نین، کەس لە شوێنی خۆی جووڵە ناکات تا بڕوات. ئەوە ئەوە دەگەیەنێ کە دەتانەوێ لەسەر خۆشەویستی بۆ یەکتر بەردەوام بن و منیش لە گێڕانەوەدا بەردەوام بم."** (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ١٠٥). لێرەدا دەکرێت ئەم قسەیە وەکو گوتارێکی سیاسی لە قەڵەم بدەین و ئەو دوانزە خوشك و برایە وەکو نەتەوەیەکی سەرلێشێواو و خۆخۆر بچوێنین و خەمی گەورەی باوکیان ئەوەیە

کە کۆ ببنەوە و یەکگرتووبن. دواتر دەست بە گێڕانەوەی دوو حیکایەت دەکات کە لە بنەڕەتدا حیکایەتی باوکیانە و لە ڕێگای گێڕانەوەیەکی فەنتازییانە ئەوە ئاشکرا دەکات کە باوکیان هەر پالەوانی ئەو دوو حیکایەتەیە. ئەویش ئەوەیە بە گەنجی عاشقی کچێك دەبێت و دواتر کە دەمرێت و لەسەر پردی سیراتدا وێڕای ئەوەی کە پردەکە وەکو گوێزانێکی تیژ تەسك دەبێتەوە- بەڵام ئەم گەنجە عاشقە هەر دەپەڕێتەوە و بڕیار دەدرێت بیخەنە بەهەشتەوە، بەڵام ئەو خۆی ڕازی نابێت و خۆی لەسەر پردەکەوە فڕێدەداتە خوارەوە، فریشتەکان دەیگرنەوە و دەیهێننەوە بۆ ناو ژیان و ئەویش داوا دەکات هەندێ گوڵی دۆزەخ لەگەڵ خۆیدا بهێنێت، ئەوانیش گوڵەکانی پێدەدەن و دێتەوە دنیا و بڕیار دەدات کە سیانزە منالێی بێ دایك و باوك هەڵبگرێتەوە و پەروەردەیان بکات. لە کۆتایی حیکایەتەکەشدا پێیان دەڵێت کە هەر یەکەتان ژوورەکەی ئامادەیە و سندووقێکی گەورەی پڕ لە پارە و زیو زێڕ تێدایە، ئیتر بڕیاری کۆتایی لای خۆتانە و دەشتوانن خۆتان زیاتر بەناو کۆشکەکەدا بگەڕێن و ڕاستی و نهێنیی زیاتر بدۆزنەوە. هەروەها دەکرێت ئەم کۆشکە و گەڕان بەناویدا وەکو مێژوو و ڕەچەڵەکی نەتەوە چاوی لێ بکرێت و پێویستی بەوەبێت کە زیاتر تێیدا قووڵ ببنەوە و شتی تازەی لێوە فێربن. "**ئیتر من تا ئێرە بەسە. ئازیزان! ئەی برا و خوشکە نازدارەکانم! من بێ دەنگ دەبم و ئێوە قسە بکەن.**" (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ١١٦). بەم ڕستەیە گێڕەرەوە کۆتایی بە چیرۆکەکە دێنێت و خۆی بێ دەنگ دەبێت و بوار بە خوشك و براکانی دەدات قسە بکەن. بەڵام چیرۆکەکە بەکراوەییەوە دەمێنێتەوە. چونکە هیچ دیار نییە خوشك و براکان قسە دەکەن یان نا؟ ئایا ڕازی دەبن لەو کۆشکە بمێننەوە و پێکەوە خوشکانە و برایانە بژین؟ بە دوای نهێنیی دیکەدا دەگەڕێن لەناو کۆشکەکە؟ وەڵامی هەموو ئەم پرسیار و ئەگەرانە لای وەرگری دەرەکییە

کاتێك دەقی چیرۆکەکە چاپ دەبێت و دەکەوێتە دەستی و دەیخوێنێتەوە، ئەو کات بە بڕوا و قەناعەتی خۆی یەکێك لەو ئەگەرانە پەسەند دەکات.

**٣.خوێنەری نموونەیی و خوێنەری ئاسایی**

سەرەتا ڕوون و ئاشکرایە کە مەبەست لە خوێنەری ئاسایی، جەماوەری خوێنەری دەرەوەی دەقی ئەدەبییە، کە دوای چاپبوون بڵاوبوونەوەی دەقەکە بە مەبەستی کات بەسەربردن، یان چێژوەرگرتن دەیخوێننەوە. واتە تەواو پێچەوانەی خوێنەری نموونەییە و هیچ تایبەتمەندییەکی ئەوی تێدا بەرچاو ناکەوێت، هەر ئەمەشە وای کردووە کە توێژەران و ڕەخنەگران بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدەن.

هەرچی خوێنەری نموونەییە، بەردەوام ڕووبەرێکی فراوانی لە کاری توێژەران و ڕەخنەگراندا داگیرکردووە. ئەمەش وێڕای گرنگییەکەی، وای کردووە چەندین زاراوەی جیاواز لە ڕووکەش و وێکچوو لە مەبەستدا بێتە ئاراوە. وەکو خوێنەری (نموونەیی، شیاو، زیرەك، هەڵوەشێنەر). هەموو ئەم جۆرە خوێنەرانە، بریتین لە خودی (ڕەخنەگر) و پێچەوانەی خوێنەری ئاسایی کۆمەڵێك تایبەتمەندییان هەیە، یارمەتییان دەدات لە شیکردنەوە و ئاشکراکردنی پەیامە شاراوەکانی دەقی ئەدەبی. هەروەها زاراوەی (خوێنەری بەرهەڵستکار - مقاوم)یشمان هەیە کە هەم لە ڕووی مێژووی دەرکەوتن و هەم لە بواری دەرکەوتنیشیدا، نوێیە، بەڵام ئەویش هەر بە واتای خوێنەری نموونەیی دێت. خوێنەری بەرهەڵستکار یەکەم جار ساڵی ١٩٧٨ لە بواری ڕەخنەی فێمینیستی، لە لایەنی (جۆدێت فێترلی)ی لە کتێبێکدا هەر بە ناوی (خوێنەری بەرهەڵستکار)ەوە بەکارهاتووە. لەم کتێبەدا (جۆدێت فێترلی)، هەڵوێستێکی توند لە دژی ئەو نووسینانە وەردەگرێت کە پیاوان لەبارەی ژنان و بە زمانی ژنانەوە دەیاننووسن، چونکە پێیوایە دەستەڵاتی ئەدەبی ئەمریکی و ئەو نموونە

دیارانەی کە ئەدەبی ئەمریکییان گەیاندووە بە پلەی جیهانیبوون، نموونەگەلێکن دژی ژن و هەرگیز ئەزموونی ڕاستەقینەی ژنان نانوێنن. بۆیە هەمیشە هانی گفتوگۆ و دیالۆگ دەدات، تاکو سەرلەنوێ وێنەی ڕاستەقینەی ژنان لەلایەن خودی ژنانەوە بخوێنرێتەوە (المالكي، ٢٠١٦، ١١ و ١٣). کەواتە بە بڕوای (فێترلی) خوێندنەوەی ژنان بۆ دەقی ئەدەبی جیاوازە لە خوێندنەوەی پیاوان و بە تایبەتیش بۆ دەقێك کە ژنانە بێت و دەربڕی خەمەکانی ئەوان بێت. ئەم هەڵوێستە بوێرانەیەی (فێترلی) :"پاڵی بە خوێنەری ئەمریکییەوە نا سەرلەنوێ تاوتوێی ئەدەب بکەنەوە و بەرهەڵستی دەستەڵاتی دەقە کلاسیکییەکان بکەن و خۆیان لەو بۆچوون و پێوەرە جێگیرانە ڕزگاربکەن کە ماوەیەك ڕەخنەیان بەخۆیانەوە سەرقاڵکردبوو" (المالكي، ٢٠١٦، ١٢). بەڵام پێویستە خوێنەری نموونەیی لە هەموو حاڵێکدا، پیاو بێت یان ژن، لە بارەی ئەدەبی پیاوانەوە بدوێ یان ئەدەبی ژنان، یان ئەدەب بە گشتی، "پێویستە وڵات و چین و ڕەگەز بەلاوە بنێت و خاڵی بێت لە هەر تایبەتمەندییەکی ئیتنی و هەموو گریمانەیەکی پێشوەختە کە سنوور بۆ بۆچوونەکانی دابنێت" (معیکل، ٢٠١٠، ٢٩١). واتە ئەدەب وەکو داهێنانێکی مرۆیی چاو لێ بکات. ماوەتەوە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین؛ ئایا خوێنەری نموونەیی خوێنەرێکی تاکە یان کۆ؟ ناوەکییە یان دەرەکی؟ لە ڕاستیدا دەکرێت هەندێ جار خوێنەرێکی تاك بێت و هەندێ جاریش کۆ بێت. هەروەها دەشێت خوێنەرێکی هەندێ جار ناوەکی بێت و زۆرجاریش خوێنەرێکی دەرەکی بێت.

سەبارەت بە ڕەنگدانەوەی خوێنەری نموونەیی لە کۆمەڵە چیرۆکی (نووسینەوەی درك)دا، کە پێنج چیرۆکی جوان لەخۆ دەگرێت، بەپێی زانیاری و بەدواداچوونی ئێمە تەنیا نووسەر و ڕەخنەگر (ئارام سدیق) لە دوو نووسیندا سەرپێییانە ئاوڕێکی لەم چیرۆکانە داوەتەوە، ئەویش لە کتێبێکدا بە ناوی

(نەمری و گێڕانەوە – ڕامان لە بەرهەمەکانی ئارام کاکەی فەلاح)دا. ئەم کتێبەی ئارام سدیق دە لێکۆڵینەوە و دیدارێك لەخۆدەگرێت کە هەر خۆی لەگەڵ (ئارام کاکەی فەلاح)دا ئەنجامیداوە. دیارە لێکۆڵینەوەکان سەربەخۆن و لە کاتی جیاجیادا نووسراون و دواتر لە دووتوێی ئەم کتێبەدا کۆکراونەتەوە، بەڵام دیار نییە کە کامیان بەر لەوی تر نووسراوە، چونکە بەرواری نووسینی هیچیانی نەنووسیوە، هەروەها دیاریش نییە کە ئایا بەر لەوەی لەم کتێبەدا کۆیانبکاتەوە لە جێگای تر بڵاوي کردوونەتەوە یان نا؟

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە، ئەو دوو هەڵوەستەیەیە کە لەبارەی کۆمەڵە چیرۆکی (نووسینەوەی دڕك)ە. یەکەمیان؛ نووسینێکە بە ناوی (تەنز لە چیرۆکی نوێدا – بەرهەمەکانی ئارام کاکەی فەلاح بە نموونە)، لێرە لە تەوەرەیەکدا بە ناوی (تەنز لە ناوی پاڵەواندا)، هەڵوەستەی لەسەر ناوی (غەریب ڕیکۆرد) کردووە کە پاڵەوان و گێڕەرەوەی سەرەکیی هەرسێ چیرۆکی یەکەمی کۆمەڵە چیرۆکەکەیە و پێیوایە کە سیمایەکی کۆمیدی و تەنزئامێزی هەیە : "ئەم پاڵەوانە هەر لە ناوەکەیەوە کۆمیدی دێتە نێو زیهنی خوێنەرەوە و بە شێوەی سەیر و تەنزاوی دووبارە و سێبارە لەو سێ چیرۆکەی یەکەمی ئەو کۆمەڵەیەدا خۆی بە خوێنەر دەناسێنێتەوە." (سدیق، ٢٠١٢، ٥٥). لە ڕاستیدا ئارام کاکەی فەلاح لە چیرۆکەکەدا، هیچ وەسفێکی کۆمیدییانە و تەنز ئامێزانەی غەریب ڕیکۆرد ناکات، تەنیا لە زاری غەریب ڕیکۆرد خۆیەوە ئاماژە بە ناوەکەی و چۆنیەتی گۆڕینی لە (خەریك ڕیکۆرد)ەوە بووە بە (غەریب ڕیکۆرد)، دەکات. واتە لە بنەڕەتدا ناوی یەکەم (خەریك ڕیکۆرد) هۆی کۆمیدیبوونی پاڵەوانەکەیە، ئەگەرنا خودی ناوی (خەریك ڕیکۆرد) بۆ کارەکتەرەکە مایەی داخە، چونکە هەرگیز نەیتوانیوە ڕیکۆرد بشکێنێت. بەڵام لێرەدا سەرنجی ئارام سدیق وەکو خوێنەرێکی نموونەیی زۆر ورد و بەجێیە و وەکو هەر خوێنەرێکی ئاسایی و

بە سەلیقەش دڕك بەو شێوازە کۆمیدییە دەکات بە هۆیەوە ناوەکە گۆڕاوە بۆ غەریب ڕیکۆرد.

لە نووسینی دووەمدا بە ناوی (گەمەی گێڕانەوە لە نووسینەوەی دڕکدا – ڕامانێکی کورت لە "نووسینەوەی دڕك"ی ئارام کاکەی فەلاح). ئارام سدیق وەکو خۆی لە ناونیشانە لاوەکییەکەدا ئاماژەی بۆ دەکات ئەم نووسینە زۆر کورتە، هەڵوەستەیەکی سەرپێیانەیە لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا، بەڵام لە ڕاستیدا هەڵوەستەیە تەنیا لە سێ چیرۆکی یەکەمدا نەك هەر پێنج چیرۆکەکە. هەموو نووسینەکەی ئارام سدیق تەنیا دوو پەڕەیە و لەو دوو پەڕەیەش یەك پەڕەی باسی جوانیی گێڕانەوەی هەر سێ چیرۆکی یەکەمی کۆمەڵە چیرۆکەکە دەکات، کە بە لایەوە بریتییە لەوەی هەر سێ چیرۆکەکە زنجیرەیەکی تەواوکراوی یەکترن، ئەمەش لە ڕێگەی داوەتکردنی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی چیرۆکەکە و ئامادەکردنی بۆ چیرۆکەکانی دواتر کە تەواوکەری یەکترن: "کاتێك چیرۆکی یەکەمی ئەم کۆمەڵەیە دەخوێنیتەوە نووسەر لە چیرۆکی یەکەمەوە داوەتت دەکات بۆ خوێندنەوەی چیرۆکەکانی دواتر، بە تایبەت سێ چیرۆکی یەکەم داوەتکردنی خوێنەری تێدایە" (سدیق، ٢٠١٢، ١٩٣). دیارە هەر لە سەرەتاوە ئێمە ئەوەمان خستووەتەڕوو کە گێڕەرەوە لە ڕێگەی تەکنیکی پێشکەوتنی ڕووداوەوە زەینی خوێنەر ئامادە دەکات بۆ ئەوەی کە لە دوای تەواوکردنی هەر چیرۆکێك ئەوی تر دەگێڕێتەوە، چونکە لە هەر چیرۆکێك چمکێك لە چیرۆکی دواتر باس دەکات و تەواوی حیکایەتەکە هەڵدەگرێت بۆ ئەوەی وەکو چیرۆکێکی سەربەخۆ بیگێڕێتەوە.

لایەنێکی دیکەی چیرۆکەکان کە ئارام سدیق باسی دەکات، زمانی چیرۆکەکانە کە بە زمانێکی سیحری ناوی دەبات، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئەوە بۆ خوێنەر بە گشتی ڕوون ناکاتەوە کە سیحریبوونی ئەم زمانە لە چی و لە

کوێدایە، بەڵکو دووبارە ئاماژە بۆ جوانیی سێ چیرۆکی یەکەمی کۆمەڵەکە دەکات: "یەکێکی دیکە لە جوانییەکانی ئەم کۆمەڵە چیرۆکە ئەو زمانە سیحرییەیە کە نووسەر پێی دەگێڕێتەوە و خوێنەر ناچاری دەکات خوێندنەوە دەکات بە تایبەت لە سێ چیرۆکی یەکەمدا کە هەر سێکیان دەکرێت لە یەك کاتدا درێژکراوەی یەکتربن و چیرۆکی جیاش بن." (سدیق، ٢٠١٢، ١٩٣). کەواتە لێرەدا ئارام سدیق وەکو خوێنەرێکی نموونەیی زۆر سەرکەوتوو نەبووە لە دەرخستنی سیحرییوونی زمانی چیرۆکەکان. لە ڕاستیدا بە بڕوای ئێمە زمانی هەر پێنج چیرۆکی ناو کۆمەڵە چیرۆکەکە یەك زمانن و جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، ئەوەی ئەم چیرۆکانە بە گشتی جیاواز و پڕ لە جوانی دەردەخەن تەکنیك و گەمەکانی گێڕانەوە و هەروەها دواندنی ڕاستەوخۆی خوێنەرە، کە لە هەموو چیرۆکەکاندا خوێنەری دەرەوە و ئاساییش لە کاتی خوێندنەوەی چیرۆکەکاندا ئەو هەستەیان بۆ دروست دەبێت کە خۆیان کارەکتەرێکی ناو چیرۆکەکانن و گێڕەرەوە وەکو بەشێك لە چیرۆکەکان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.

**ئەنجامەکان**

١.هەموو گۆڕان و وەرچەرخانەکان لە نووسەرەوە بۆ دەق و پاشان لە دەقەوە بۆ خوێنەر جۆرێك لە ڕەهایی و توندڕەوییان پێوە دیارە، چونکە هەموویان بە شێوەیەکی دابڕاو و جیا لەوی تر لێکۆڵینەوەی لە جەمسەرێکی دەق کردووە. فۆرمالیست و بنیاتگەرەکان نووسەریان مراند و تیۆری وەرگرتنیش دەقیان بێ گیان کرد و خوێنەریان کرد بە بەرهەمهێنەری دەقی تازە. ئێمە لێرەدا وێڕای ئەوەی بابەتی سەرەکیی توێژینەوەکەمان (خوێنەر)ە، بەڵام دان بەوەدا دەنێین کە هەرسێ جەمسەرەکە کە پێکهێنەری پرۆسەی پەیوەندیکردنن، لە پرۆسەی داهێناندا هەموویان بە قەد یەکتر گرنگیی خۆیان هەیە.

٢.بە گشتی لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا، خوێنەری تاك بە بەراورد بە خوێنەری کۆ کەمتر مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و پەیامی ئاراستەکراوە.

٣.هەموو ئەو چیرۆکانەی بۆ وەرگرێکی تاك و ناوەکی دەگێڕدرێنەوە، دوای چاپکردن و بڵاوبوونەوەیان دەگەن بە خوێنەری کۆ و دەرەوەی دەقەکە.

٤.خوێنەری دەرەکی لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا زیاتر وەرگرە و هیچ ڕۆڵێك لە پرۆسەی گێڕانەوەکە نابینێت، تەنیا ئەوەی خۆی کۆتاییەکی قەناعەت پێکەر هەڵبژێرێت، چونکە هەموو چیرۆکەکان کۆتاییەکی کراوەیان هەیە. بەڵام خوێنەری ناوەوە زۆرجار لەبەرئەوەی کارەکتەری بەشدارن لە ڕووداوەکاندا، وەرگرێکی چالاکترن و ڕۆڵیان لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکاندا هەیە.

٥.خوێنەری نموونەیی لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا زۆر زۆر کەمە و تەنیا دوو خوێندنەوەی سەرپێییان لەبارەوە کراوە کە لە ئاستی جوانییەکانی چیرۆکەکاندا نین.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان

١. سدیق، ئارام (٢٠١٢، نەمری و گێرانەوە - ڕامان لە بەرهەمەکانی ئارام کاکەی فەلاح، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
٢. سەڕاج، عەبدوڵڵا (٢٠١٣)، دۆنایدۆن یان بەدگۆڕان، چەند بابەتێك لەبارەی ئەدەبی نوێی کوردییەوە، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
٣. شارەزووری، د. یادگار لەتیف (٢٠١٢)، تیۆرەکانی وەرگرتن لە ئیستاتیکای ڕەخنەگرتنەوە بۆ ڕەخنەی هاتنەوەڵامی خوێنەر، لە بڵاوکراوەکانی شانزەهەمین ڤیستیڤاڵی گەلاوێژ، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

### دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان

٤. ايغلتون، تيري (١٩٩٥)، نظرية الادب، ترجمة: ثائر ديب، منشورات وزارة الثقافة، دمشق.
٥. برنس، جيرالد (٢٠٠٣)، المصطلح السردي (معجم مصطلحات)، ترجمة: عابد خزندار، المجلس الاعلى للثقافة، ط١، القاهرة.
٦. تومبكنز، جين، ب (٢٠١٦)، نقد استجابة القارئ من الشكلانية الى ما بعد الحداثة، ترجمة: حسن ناظم و علي حاكم صالح، دار الكتاب الجديد، ط٢، ليبيا.
٧. سلدن، رامان (١٩٩٦)، النظرية الادبية المعاصرة، ترجمة: سعيد الغانمي، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، ط١، بيروت.
٨. فضل، د. صلاح (١٩٩٦)، أشكال التخيل - الشركة المصرية العالمية للكتاب - لونجمان، ط١، القاهرة.
٩. المالكي، د. دلال بنت بندر (٢٠١٦)، القارئ المقاوم - تعارض القيم الجمالية والايديولوجية بين النص و المتلقي، مؤسسة الانتشار العربي، ط١، بيروت.
١٠. معيكل، د. أسماء (٢٠١١)، نظرية التوصيل في الخطاب الروائي العربي المعاصر، دار الحوار، ط١، اللاذقية، سورية.

## الملخص

## موقع القارئ في المجموعة القصصية (اعادة كتابة الشوك) لـ (ئارام كاكەی فەلاح)

تتضمن عملية التواصل بين الانسان منذ القدم من ثلاثة محاور وهي (المتكلم، الكلام، المتلقي). لكن هذه المحاور الثلاثة لم تلق الاهتمام في العملية النقدية بشكل متساو، بل تلقى كل واحد منها على حدة وفي فترات و عصور مختلفة في مسيرة تقدم و تطور العملية النقدية، اهتماما كثيرا. فالمناهج السياقية اهتمت فقط بالكاتب من المنظور التاريخي و الاجتماعي و النفسي، وكانت تنظر الى الكاتب كركيزة اساسية في عملية الابداع. ثم جاءت الشكلانية الروسية و بعدها البنيوية و وضعوا جل اهتمامهم على النص واتخذوا موقفا عنيفا تجاه الكاتب بعزله عن نصه والدعوة الى موته. و جاءت في الاونة الاخيرة نظرية التلقي، لتلقي بالكاتب و النص جانبا و تضع المتلقي بصورة عامة و القارئ بصورة خاصة موضع اهتمامها. فهي لم تؤمن بقارئ صامت و مطيع لا حول له ولا قوة في عملية الابداع، بل يرى فيه القدرة على قراء النص واعادة بنائه من جديد، مما يسهم في تعددية القراءة و التأويل و منح النص سمة الانفتاح. أي ان النص اذا اراد من القارئ الاشتراك و الاسهام الفعلي في القراءة، لابد ان يكون نصا منفتحا يقبل القراءات و التأويلات المختلفة.

من هنا جاء اختيارنا للمتلقي القارئ و توظيفه في المجموعة القصصية (اعادة كتابة الشوك) لـ (ئارام كاكەی فەلاح) موضوعا لدراستنا، لاسيما ان المتلقي و القارئ موضوع رغم حداثته لم ينل حظه من البحث و الدراسة في النقد الادبي الكوردي، ومن ناحية أخرى اهتم الكاتب في مجموعته القصصية هذه بالقارئ كثيرا محاولا اشراكه في عملية سرد القصص.

وقد قسمنا البحث الى مبحثين. سلطنا في المبحث الاول على مفهوم و مصطلح المتلقي. وفي المبحث الثاني ميزنا انواع القارئ في المجموعة القصصية موضوع الدراسة حسب ثنائية القارئ (الفردي و الجماعي، الداخلي و الخارجي، المثالي و العادي). وفي الختام دونّا اهم نتائج البحث و قائمة المصادر.


الكلمات الدالة: المتلقي، ئارام كاكەی فەلاح، القارئ الفردي، القارئ الجماعي، القارئ الداخلي، القارئ الخارجي

# Abstract

## The reader in the stories collection "Re-writing the thorn" by Aram Kakay Falah

From long ago, the process of the relation among the human beings have consisted of three major poles which are speaker, speech, and recipient. These three poles have not been considered equally in the process of criticism, but each has been tackled at a cetain period according to the development of criticism. At the beginning, the contextual methods in the historical, psychological, and social views have considered the writer only thinking that the writer is the main factor of the invention. Later, the Russian formalists and after them the structuralists, in a very severe reaction, separated the writer to a level of death from the text and focused on the text completely. Then appeared the theory of the recipient which viewed importantly in the role of recipient generally and the reader particularly thinking that the recipient is no longer a silent and a follower, but it is an active pole and will have its role in the re-structuring the text. This opened the ways of possibilities of multi readings and explanations and gave a view opened text. In other meaning the text to participate the readers in its text, should be an opened text carrying different explanations.

In this point of view we have decided to make recipient and reader the subject of this thesis in the short stories collection “re-writing thorn” of Aram Kakay Falah, because the topic of recipient and reader is a new topic in Kurdish criticism and Aram has taken care specifically in this collection of the reader and tried to participate the reader directly in his stories.

For this purpose, we have divided the thesis into two aspects. In the first one, we have stated the concept and terminology of recipient and in the second one we have pointed out and analyzed the types of reader according to the twins of singularity & plurality, external and internal, typical, and normal reader. Finally, we have recorded the most important conclusions of the thesis and list of the references.


Key words: Recipient, Aram Kakay Falah, Individual continent, Collective continent, Internal continent, Outer continent.